گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/xc89rc85
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 17/12/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 02/02/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/08/2025

# ڕۆڵ و بەشداری ژنان لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا (1945- 1990)

**كوێستان احمد خدر[2] - هۆشمەند عەلی محمود[2]**
hoshmand.ali@koyauniversity.org - kwestan.ahmad@koyauniversity.org
[1+2]بەشی مێژو، فاكەڵتیی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵ و بەشداری ژنان لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا(1945- 1990)،كە ئەم قۆناغە گرنگییەكی زۆری هەیە لەمێژوی خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەگشتی و لە نێو حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێراندا بە تایبەتی، چونكە ژنان لەو قۆناغە مێژوییەدا لە كۆمەڵگای ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەتایبەتی لە ژێر سانسۆر و دابونەریتی پیاوسالاری كۆمەڵگادا لە ماف و ئازادییەكان بێبەش بون. لە قۆناغی كۆتایی ساڵەكانی جەنگی دوەمی جیهانی بەهۆی چەندین فاكتەری نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی لەسیاسەتی محەمەدڕەزاشای تازە هاتوی سەر دەسەڵات گۆڕانكاری گرنگ لەكۆمەڵگا و ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئێراندا هاتنە پێشەوەو لەنێویشیاندا دامەزراندنی حیزبی دێموكرات و پاشانیش دامەزراندنی كۆماری كوردستان بوە، كە تێدا ژنانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەچوارچێوەی بەرنامەی سیاسی و ڕێكخراوەیی تایبەت بەخۆیان بۆ یەكەمین جار هاتونەتە مەیدان و نەخش و ڕۆڵی كاریگەریان هەبوە. لێرەدا پرسیاری سەرەكی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئایا ژنان لە نێو حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا تا چەند لەپرسە سیاسی و نەتەوەییەكان و خەباتی چەكداری نەخش و ڕۆڵیان هەبوە؟ بەربەست و فاكتەرە ناوخۆیی و دەرەكییەكانی بەردەم ئەم هەنگاوانە چی بون؟ چ ڕۆڵێكیان لە بەئاگاهێناوەی ژنان لە كۆمەڵگادا هەبوە؟ ئەم توێژینەوەیەش زیاتر جەختكردنەوەیە لەسەر ئەرك و ڕۆڵی ژنان لەنێو حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە بواری سیاسی، چەكداری، ڕێكخستن، تەندروستی و پەروەردە و فێركردندا.
**كلیلە وشە:** ژنان، ڕۆژهەڵاتی كورستان، چەكداری، حیزب، ئێران.

# The role and participation of women in the Democratic Party of Iranian Kurdistan (PDKI) (1945-1990).

Kwestan Ahmad Khdir [1] - Hoshmand Ali Mahmood [2]

[1+2]Department of History, faculty of Education, koya university, Koya, kurdistan region,Iraq.

## Abstract:

This research focuses on the role and participation of women in the Democratic Party of Iranian Kurdistan (PDKI) (1945-1990), which is a period of enormous significance in the history of women's struggle in Eastern Kurdistan in general and within the Democratic Party of Iranian Kurdistan in particular. During this historical phase, censorship and patriarchal traditions deprived women in Iranian society and Eastern Kurdistan specifically of their rights and freedoms. During the final stages of the Second World War, a number of international and domestic factors led to significant changes in Iranian society, politics, and social life, under the leadership of the newly empowered Mohammad Reza Shah. Among these changes was the establishment of the Democratic Party of Kurdistan-Iran and subsequently the Kurdistan Republic, where women from Eastern Kurdistan entered the scene for the first time within their own political and organizational frameworks, playing an influential and active role. The primary research question is: To what extent did women in the Democratic Party of Iranian Kurdistan participate in political, national, and armed struggle in Eastern Kurdistan? What were the internal and external obstacles and factors that impeded these steps? What role did they play in raising awareness in society? This study further emphasizes the roles and responsibilities of women within the Democratic Party of Iranian Kurdistan in political, military, organizational, health, educational, and training domains.

**Keywords**: Women, Eastern Kurdistan, Armed Struggle, Party, Iran.

## پێشەکی:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، چەندین پرۆسەی تازە و ئاڵوگۆڕی قوڵ لە ڕوی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەریانهەڵدا، ئەمانەو کۆمەڵێك گۆڕانکاری بونە فاکتەرێك تاوەکو ژنان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك بەشێك لەکۆمەڵگادا، کە سەرەکیترین قوربانی بون، لەپێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان لەبوارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا هەنگاوی زیاتر بهاوێن، بەهۆی ئەوەی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە مێژوی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێزە سیاسیەکاندا لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا هاوشانی پیاوان لە ئەرك و تێکۆشاندا بون.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم قۆناغەی کە تێیدا ژنان هەوڵیان داوە، گەشە بەشوناسی خۆیان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیان لەچوارچێوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی سیاسیدا بدەن، کە بەهۆی کلتورو دابونەریتەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگە لە پێشکەوتنیان گیراوە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا وەك نوێنەری چینێك لەکۆمەڵگای کوردستاندا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تۆمارکردنی مێژوی خەبات و تێکۆشانی خۆیان لەبواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی گێڕاوە و ماوەی توێژینەوەکەش لەساڵانی 1945- 1990 لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە مێژویەکی زۆرە لەقۆناغە جیاوازەکانی خەباتی سیاسی و چەکداری حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تەنها جەختکردنەوەیە لە ڕۆڵ و بەشداری ژنان لەحیزبی دێموکراتدا، نەك تەواوی مێژوی ئەو حیزبە و ئاوڕلێدانەوە لەم بابەتە شیاوی گرنگی پێدانە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، خستنەڕوی باودۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کورستان و ڕۆڵ و بەشدارییان لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە چەندین بواری جۆراوجۆر.

مێتۆدی توێژینەوە، مێتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژویی بەشێوەیەکی گشتی لەباسکردن لە ڕوداو و پێشهاتەکاندا و ڕۆڵ و بەشداری ژنان بەپێی قۆناغە مێژویەکان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە بەرچاو گیراوە. هەروەها مێتۆدی بەراوردکاری و شیکاری و ڕەخنەیی بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە بەکارهێنراوە.

هەروەها لەم توێژینەوەیەدا پشت بەچەند سەرچاوەیەکی جیاواز بەستراوە، بەشێکیان گرنگترین ئەو نوسراو بڵاوکراوانەن کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نوسراون، وەك (موجاب، شەهرەزاد.(2001)– ژن و ناسیونالیزم لە کۆماری کوردستان ساڵی 1946) یەکێکە لەو سەرچاوانەی باسی ژنی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو قۆناغە مێژوییە دەکات. عەزیمی، کوبرا.(2024) ـ مانای ژیانم (بیرەوەری ژنێك لە دەورانی کۆماری کوردستاندا) گرنگی ئەو کتێبە لەوەدایە کە هاوسەردەمی ڕوداوەکانە و باس لە بارودۆخی ئەوکاتی ئێران و حیزبی دێموکرات و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات. قاسملو، عەبدول ڕەحمان و عەبدوڵلا حەسەن زادە(2002)، کورتە مێژوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ بازیار، سمایل. (2020). کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك نمونە (1945-1991) گرنگی ئەم دو سەرچاوەیە لەوەدایە کە باس لە مێژوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن و بە وردی قۆناغە مێژوییەکان تیشکیان خراوەتەسەر بۆ توێژینەوەکەمان گرنگی خۆیان هەبوە. هەروەها (گۆڤاری (ژنان)، گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەریدەکات). زانیاری گرنگی تێدابوە، چونکە ژنە نوسەرەکانی ئەو گۆڤارە زۆرینەی ئەو ژنانەن کە لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەباتی سیاسی و چەکداری و ڕێکخراوەکانی ژنان کاریانکردوە و هەروەها ئاگاداری زۆربەی ڕوداوەکانی ئەو قۆناغە مێژوییە بون. لەگەڵ چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ بەشێك لەو ژنە تێکۆشەرانەی ڕۆڵ و بەشداریان لەخەبات لەنێو حیزبی دیموکراتدا هەبوە.

پێکهاتەی ئەم توێژینەوە، لەژێر ناونیشانی، ڕۆڵ و بەشداری ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (1945- 1990) لە سێ تەوەرە پێکهاتوە، یەکەم: ڕۆڵ و بەشداری ژنان لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ڕوخانی کۆماری کوردستان1945-1946. دوەم: ڕۆڵ و بەشداری ژنان لەقۆناغی ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاڕوخانی ڕژێمی شاهنشاهی پەهلەوی لەساڵی(1979)دا. سێیەم: ڕۆڵ و بەشداری ژنان لە حیزبی دیموکرات لەنێوان ساڵانی 1980-1990دا.

**یەکەم: ڕۆڵ و بەشداری ژنان لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاکو ڕوخانی کۆماری کوردستان (1945-1946):**

بەئاگاهاتنەوەی ژنان لەناو کۆمەڵگای ئێراندا، کە لە سەردەمی قاجارەوە(1794- 1925) دەستیپێکردبو و تا دوای شۆڕشی دەستوری (1906- 1911) و لە قۆناغەکانی دواتریشدا لە پەرەسەندن دابوە. لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی (ڕەزاشا 1925-1941) و (محەمەد ڕەزاشا 1941-1979)، ژنان لە ناوخۆی کۆمەڵگای ئێراندا لە جاران بوێرتر هاتونەتە مەیدان و باوەڕیان وابو گرنگ و پێویستە بەشێوازێکی دیکە بژین، لەسەر ئەو باوەڕەش دەستیان بە شۆڕشێکی نوێ کردوە و لەمێژوی هاوچەرخی ئێران بەیەکێك لەسەردەمەکان ئەژماردەکرێ، تێیدا ژنان چالاکییەکانیان بەشێوەیەکی ئاشکراتر لەچوارچێوەی چەندین ڕێکخراو بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنان پەرەپێبدەن (دلریش، 1375، 111؛ همایون، 1354، 46). واتە نیشانەکانی روناکبیری لەنێو بزوتنەوەکانی ژنانی ئێراندا بە گشتی چوبوە قۆناغێکی پێشکەوتو و(عباسی و دیگران، 1393، 64؛ ستودە، 1373، 118) بە ئاوێتەبونی کلتوری ئێران لەگەڵ رۆژئاوادا، ژنانی ناو کۆمەڵگای ئێران بەگشتی کەوتبونە بەرشاڵاوی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی وڵات و بنەماڵەی شاهانشاهی لە پێناو برەودان بەشوناسی بنەماڵەکەیان و بەمۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێران و ریفۆرم لەگشت بوارەکاندا، بەتایبەتی لەمەڕ پرس و مافەکانی ژنان لەکۆمەڵگایەکدا، کە ڕۆحانیەت دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبوە، هەوڵیاندا ڕۆڵی خۆیان بگێرن[1] (همایون، 1354، 24).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کورستان بەتایبەتی لە مەڕ پرسی ژنان گۆڕانکاری گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، کە هێشتا تێڕوانینی کۆمەڵگا لەژێر یاسا و تێروانینێکی باوك سالاریدا بوە، بەڵام ژنان بۆ تێپەڕاندن و زاڵبون بەسەر ئەو کلتورەدا هەوڵیانداوە لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوەو گەشە بەشوناسی خۆیان لەچوارچێوەی مافە مەدەنی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بدەن، ئەوەش لە نوسینی گەڕیدەکاندا بە تەواوی ڕەنگدانەوەی هەبوە و پێیانوایە ئافرەتی کورد خاوەن پێگەی سیاسی و سەربازی بوە و شارەزایەکی بەرچاویان لەبارەی خێڵ و عەشیرەت و پلان و بەرنامە و ناکۆکی ناو هۆزەکان هەبوە و تەنانەت بە ئاشکراو بە دەنگی بەرز بۆچونی خۆیان خستۆتەڕو و هەروەها گەڕیدەکان ئافرەتی کوردیان بە سیمبولی ئاشتی و یەکگرتویی و کۆمەڵایەتی وێناکردوە و ئەوەشیان خستۆتەڕو کە ژنان وەك سەرۆك خێڵ ڕێزیان لێگیراوەو و تەنانەت وەك سەرۆك خێڵ عەشیرەتیان بەڕێوەبردوە[2] (محمد، 2024، 94-95).

ئەوەی جێگەی ئاماژەبۆکردنە، لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدوای دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف)[3] و وەرگرتنی سەرۆکایەتی (ژێکاف) لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە، لەم ڕوەوە ئەرك و کاری گرنگ ئەنجامدراوە. هەروەك لەنوسراوەکاندا دەردەکەوێ دوای چونی (سازمانی جەوانانی کورد) بۆ ناو ریزی (ژێکاف)و ئاشکرابونی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵە، کاتێك ڕێکخراوی سازمانی جەوانانی کورد ڕاسپێردرا شانۆیەك بەناوی (دایکی نیشتمان)[4] بێننە سەر شانۆ، داوای ئامادەکاری و دەستنیشانکردنی کەسانی شیاو وەك ئەکتەر بۆ ئەم شانۆیە کە هەمویان لە ڕەگەزی (نێر) بون بکەن. لەهاوینی ساڵی 1945 لە تێرمیناڵی شاری مەهاباد نمایشی ئەو شانۆیە بەڕێوەچوە و (17)ئەکتەر بەشداربون[5]، (همایون، 2006، 75؛ گەوهەری،2017، 97). بەشێك لە ئەکتەرەکان، هەریەکە لە (سیروس حبیی، سەید عوبەیدوڵای ئەیوبیان، غەنی بلوریان، محێدین ماوەرانی و عەبدوڵای نەهری کە ڕۆڵی دایکی نیشتمانی گێڕاوە) بون (بلوریان، 1997، 40).

نمایشکردنی ئەو شانۆگەرییە بۆ هۆشیاری کۆمەڵگا بەگشتی و هاندان و بەشداری ژنان بوە بۆ بینینی بەتایبەتی، ئەوە لەکاتێکدا، کە کوڕانیش وەك ڕەگەزی نێر لەو ڕۆڵگێرانەدا دوچاری گرفت و ڕەخنە بونەتەوە، چ جای بگات بەوەی ژن بەشداری بکات و وەك ئەکتەر ڕۆڵ بگێریت! ئەم شانۆیە بۆ ماوەی 40 ڕۆژ لەشاری مەهاباد نمایشکراوە و دواتریش لەشارەکانی شنۆ و بۆکان و شارەکانی تریش نمایشکراوەو تەنانەت بلیت بۆ ژنان و دانیشتوانی گوندەکان بەخۆڕایی بوە. غەنی بلوریان ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، **"کاتێك ئەو شانۆیە نمایشکراوە، بنەماڵەی لاوانی بەشدار لە شانۆگەرییەکە دژی بەشداریکردنی کوڕەکانیان بون، تەنانەت**

**باوکی من تا خودا حەز بکات دابونەریتی بنەماڵەکەمانی دەپاراست و کە تورە دەبو پیاو لێیدەترسا، هەر بۆیە کاتێك چومەلای دیتم دەموچاوی تێکنابو ڕوی گرژکردبو گوتی: دەڵێن خەریکە ئەدای شەکرۆکان دەردێنی؟**"(بلوریان، 1997، 41).

بەڕونی دەکرێت بگوترێت، بەدواداچون بۆ داخوازییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری ژنان لەبنیادنانی کایەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری تایبەتمەندی بەرچاوی دوای ئەم قۆناغە مێژوییە بون، چونکە لە کۆمەڵگای کوردستاندا کاریگەری چەندین پێشهات بوە هۆی هەبونی مێژویەکی تایبەت لە بواری بەشداری ژنان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بارودۆخی نوێی بۆ چالاکییەکانی ژنان لەکایەی گشتیدا کردبۆوە و ئەم بارودۆخە لە کوردستان سەرەڕایی لێکچونەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراندا، لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانکارییە مێژوییەکانی سەرتاسەری وڵاتیشدا جیاوازی هەبوە (محەمەدی و دیگران، 1400، 381).

ئەوەی جێگای بایەخە، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە 16ی ئابی 1945 لە شاری مهاباد کە لەسەر داروپەردوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) دامەزرا (بازیار، 2020، 86، 87)، دامەزراندنی ژێکاف، نوختە گۆڕانێك بو لە مێژوی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەك بو لەپێکهاتنی ڕێکخراو حیزبی سیاسی پێشکەوتو و مۆدێرندا، چونکە پێش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی ئەوتۆو پێشکەوتو بە بەرنامەیەکی ڕونەوە پێکنەهاتبو، بۆیە هەر لە سەرەتاوەش حیزبی دێموکرات توانی پشتیوانی هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و یەکێك لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم حیزبە ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوەیان لەژێر ئاڵای خۆی و بەتایبەت لە ژێر بەرنامەیەکی تۆکمەو ڕونی سیاسییدا بو(قاسملو، 2020، 31، 32).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، پێویستە بگوترێت، دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێك لە گرنگترین ڕوداوەکانی مێژوی هاوچەرخی کورد کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕویدا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان[6] لە مەهاباد بەهۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بوە (بازیار، 2020، 93). دوای ئەوەی لە 22ی کانونی دوەمی 1946دا لەکۆبونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان لە مەیدانی چوارچرا لە شاری مهاباد بەئامادەبونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆز، عەشیرەتەکان، خەڵکی بازرگان، جوتیار و کاسبکاران کۆماری کوردستان لە مێژوی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتەکایەوە (حوسێن، 2008، 27؛ شەمزینی، 2006، 317) پێشەوا قازی محەمەد ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بو بە سەرۆکی کۆماری کوردستان و لەو کۆبونەوە گەورەیەدا پێشەوا قازی محەمەد کاروبەرنامەی دوارۆژی کۆماری ڕاگەیاندوە، لەبنەڕەتدا هەمو ئەو بەرنامەیە، پێشتر حیزبی دێموکراتی کوردستان دانابو (قاسملو، 1991، 68).

هاوکات لەگەڵ هەمو ئەو هەنگاوانە پێویستەئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، یەکێك لەئەرکە بنەڕەتییەکان و دەستکەوتە گرنگەکانی کۆماری کوردستان هاتنی ژنان بۆ نێو ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و پەروەردەیی و بونیادنانی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن بو، چونکە ژنانی کورد بۆ یەکەم جارو بەفەرمی و بە ئاشکرا هاتنە نێو مەیدانی خەبات و بۆ ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی ژنانیش پێشەوا قازی محەمەد ژن و کچی خۆی هاندا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن و ببن بەپێشەنگی ژنانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (قاسملو،2002، 65؛ بازیار، 2020، 95).

لێرەدا دەکرێت بگوترێت، لەگەڵ ئەوەی ژنانی کورد لەو سەردەمەدا لەگەڵ دابونەریت و کلتورەکانی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردەواریی بەرەو ڕو بون، بەڵام دەستپێکی یەکەمین خەباتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بەخاڵێکی وەچەرخان لە بزوتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دابنرێت، بۆ یەکەم جار لەمێژوی خۆیاندا ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان لەژێر ناوی (یەکێتی ژنانی کوردستان)، یان (یەکێتی یایانی کوردستان) بە ڕێبەرایەتی (مینا خانمی1908-1998) هاوسەری پێشەوا قازی محەمەد لە (15ی ئازاری ساڵی 1946) دابمەزرێنن (گەوهەری، 2017، 209). هەر لەو بارەوە کوبرا عەزیمی[7] لەبیرەوەرییەکانیدا وتویەتی:"**دوای دامەزراندنی یەکێتی یایانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بڕیاردرابو هەر گەڕەکەی سەرۆکی خۆی هەبێت و لە یەکەم**

**کۆبونەوەش پرسیاری ئەوە کرا کە ژنە دەسترۆیشتوی گەڕەکەکان کێن؟ دوای ئەوەی دیاریکران، لەلایەن مینا خانم وەك سەرۆکی گەڕەك دیاریکران و ئەرکیان ئاگادارکردنەوەی ژنەکانی گەڕەکی خۆیان لە کۆبونەوە جێژنەکان بو، تەنانەت زۆرجار سەرۆك گەڕەکەکان هەڕەشەیان دەکرد هەر کەسێك نەیەت بۆ کۆبونەوە غەرامە دەکرێت. هەروەها بێجگە لەمامۆستاکان و سەرۆك گەڕەکەکان و کۆمەڵێك ژنی دیکەش بونە ئەندام کە بەشێکیان لەخۆشەویستی خاك و نیشتیمان دەبونە ئەندام، بەشێکی دیکەیان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە هاندەدران تاجێگایەك لە کۆماری کوردستاندا بۆخۆیان مسۆگەر بکەن**"(عەزیمی، 2024، 93، 94).

ئەوەی لە نوسراوەکاندا دەردەکەوێت تەنانەت ژنانی دیکەش هاتونەنە ناو ئەو ڕێکخراوە بۆ نمونە، هاوسەری مستەفا خۆشناو (1912- 1947) و دو کچەکەشی چون بۆ کۆبونەوەکان. ئەوکات ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستایش وەك ئەندام کاریان کردوە و مانگانەی ئەندامەتیان لەتمەنێك تا (دە)تمەن بوە، (گەوهەری، 2017، 209؛ عەزیمی، 2024، 94) چونکە ئەندامان بە بەخشینی دارایی و کۆکردنەوەی پارە لە ژنانی غەیرە ئەندامیشەوە هاوکار بون و تەنانەت خودی قازی محەمەد بە(مینا خانمی) گوتوە: شاژنی فەڕەنسا ئەڵقەی هاوسەرەکەی پێشکەشی گەلی فەڕەنسا کردوە، ئەی ئێوە بۆ پەیڕەوی هەمان شت ناکەن، من دڵنیام ئەمە هانی ژنانی تر دەدات بۆ ئەوەی لە ڕوی داراییەوە هاوکاری کۆماری کوردستان بکەن (موجاب، 2001، 35). بۆ ئەم مەبەستەش لەهەر گەڕەکێك کە بەرپرسێکی ژن کە لەو گەڕەکە دابوە، هەوڵی کۆکردنەوەی مانگانەی ئەندامەکانی داوە، بەپێی ئامارێك لە(دە) گەڕەکی شاری مهاباد بەم شێوەیە ئابونەی ئەندامەتی کۆکراوەتەوە (موجاب، 2001، 32؛عەزیمی، 2024، 93).

| ژ | ناوی بەرپرسی گەڕەك | ناوی گەڕەك | بڕی ئابونەی کۆکراوە بە ڕیاڵ کە (هەر تمەنێك بەرامبەر بە (دە) ڕیاڵ) بوە |
|---|---|---|---|
| 1 | کەلسوم سوڵتانیان | هەرمەنیان | 1،305،0 ڕیاڵ |
| 2 | خورشیدی شاتری | بازار | 282،5 ڕیاڵ |
| 3 | خەجیجەی قازی | چۆمێ | 227،5 ڕیاڵ |
| 4 | سەید ئایشە شاتری | حاجی حەسەن | 822،5ڕیاڵ |
| 5 | سەدیقەی والیزادە | خرێ | 936،5 ڕیاڵ |
| 6 | زیبا خانم | قوڵە قەبران | 230،5 ڕیاڵ |
| 7 | ئامینە داودی | قیبلە | 210،0 ڕیاڵ |
| 8 | زارای مەولەوی | ڕزگەیان | 200.0 ڕیاڵ |
| 9 | پیرۆز موشیری | مزگەوتی جومعە | 120،0ڕیاڵ |
| 10 | ماوزەری بلەزادە | یەهودیان | 95،0 ڕیاڵ |
| کۆی گشتی | | 4،429،0 ڕیاڵ | |

لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مهاباد بەتایبەتی لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵیان نەبو، بەڵام لە بواری ئابورییەوە بەهۆی چاککردنی خوری و ڕستنی بەرماڵ و جاجمیان لەلای جۆلا بەکردندەدا و گۆرەوەی و کڵاو کەلوپەلی تریان چنیوەو فرۆشتویانەو دواتر داهاتەکەیان بە یەکێتی یایان داوە و جاروباریش گۆرەوی، دەستەوانە، زەنگاڵ و سەرکڵاویان چنیوەو بۆ پێشمەرگەیان کۆکردۆتەوە (عەزیمی، 2024، 96).

جێگای وەبیرهێنانەوەیە، بەشێوەیەکی گشتی ڕێکخراوی یایانی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەمجار لە خوێندنگایەکی سەرەتاییدا بوەو دواتریش خانویەکیان بەکرێگرتوە تاوەکو کاروباری ئەو ڕێکخراوەیی تێدا ئەنجامبدەن. دیارە ئەم ڕێکخراوە

ئاگاداریەکی بۆ ژنانی خوێندەوار ڕاگەیاندوە تا داواکاری پێشکەش بکەن بە مەبەستی کارکردن لەچەند پۆستێکی ڕێکخراوی ژنان وەك(ژمێریاری، خەزنەداری، سکرتێر و نوسەر). ئامانجی سەرەکی جۆشدانی ژنانی گەورە ساڵان و پشتگیریکردنی کۆماری کوردستان بوە و چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی بە ئاگاهێناوەی ژنان لە چەندین مەسەلەی وەك (خەتەنەکردن و پێکهینانی ژیانی هاوسەری بە گەورە بە بچوکی و شیربایی و هتد...) بوە، چونکە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەو سەردەم وای بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندبو لەبچوکترین کێشە کۆمەڵایەتییەکان ژنان و کچان دەبونە قوربانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بێجگە لەوەش ئەرکی دیکەیان بریتیبو لە کۆکردنەوەی داهات و یارمەتیدانی سوپای نیشتمانی لە چنینی جلوبەرگ و گۆرەوی و کڵاو بۆ پێشمەرگە و بەشداریکردن لە خۆپێشاندانەکان و نوسین بۆ ڕۆژنامەی کوردستان. بۆیە ڕێکخراوی یەکێتی ژنان وێنەی دەوڵەتێکی مۆدێرنی بەکۆماری کوردستان دابو، کە بایەخی بە بوژانەوە و پێشکەوتنی ژنانی کوردستان دەدا (باڵەکی، 2016، 34؛ موجاب، 2001، 32).

هەرچۆنێك بێت، چەند ڕۆژێك دوای دامەزراندنی یەکێتیی ژنانی کوردستان، ژنان یەکەمین کۆنفرانسی خۆیان لەخانەی فەرهەنگی کوردستان لەمهاباد پێکهیناوە، لەو کۆنفرانسەدا مینا خانمی قازی ئەرکی سەرۆکایەتی کۆمیتەی ژنانی لەئەستۆ بو، لەگەڵ (خانم گەوهەر تاجی سەدری قازی، ویلما سەیادیان، فەریدەی زندی، ساحبەی یاهو، شا سوڵتان فەتاحی قازی، خدیجە حیدری، عیفەت قازی کچی پێشەوا قازی محەمەد) وتاریان خوێندۆتەوە و بەتێکرا لە وتارەکانیاندا هانی دایك و باوکانیان داوە تا منداڵەکانیان بنێرن بۆ خوێندنگا و هەوڵدەن نەخوێندەواری لە کوردستاندا بنبربکەن، هەروەك لە وتارەکەی حەفیفەخان قازی و عیسمەت خانی کچی پێشەوادا هاتوە:"**خانمەکان گەورە مەسەلەیەکی مەشهور شێر چ نێر چ مێ، کورد خۆ بە شەهادەتی هەمو دونیایە لە هەمو کەس ئازاترە، ئەدی چۆن دەبێ بە خسوس دە دنیای ئەورۆدا کە لە هەمو دەوڵەتێکی پیاو ژن پێکەوە کاری وڵاتی خۆیان ئیدارە دەکەن بۆ ئیدارەی وڵاتیش خوێندن و نوسین لازمە، بەڵکو لەگەڵ کابانی و خانەداری و منداڵ بەخێوکردنیش هەرچی عیلم و سەواد زیاتر بێ لەگەڵ قومقومەی سیری و لایی لانکێ خۆشەوستی و نیشتیمان پەرستنی میللی فێری منداڵ بکرێ قەت لە بیری ناکا، میللەتێکی ئەو نەوعە دایکانەی هەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ سەرکەوتو دەبێ دە جا وەرن بۆ خۆتان و منداڵان بخوێنن و وڵاتی خۆمان بە عیلم و سەنعەتی برازێنینەوە. خانمان و خۆشکانی خۆشەویست تەماشای شاری مۆسکۆ بکەن، ببینن لە سایەی عیلم و فەرهەنگ چی لێهاتوە تەماشای ئەو کتێبخانەو بینا و ساختمان و مۆزەخانەو سینەماو خوێندنگایانە بکەن هەمو ئەوانە لەسایەی خوێندندا دروستبون چی دەبێ ئێمەش بخوێنن و لە سایەی عیلم و زانستەوە مولکی خۆمان سەربەرز بکەین. ئیمەی ژنان دەبو ئاهەنگی زیاتر بگێڕین بۆ ئازادیمان تا هەمو جیهان بزانێ ژنی کورد زیاتر لە پیاوان ئازادی خۆش دەوێ**"(گەوهەری، 2017، 211؛موجاب، 2001، 28).

هەر لەچوارچێوەیەدا، خاتو (ویلماسەیدیانی)لە وتارێکدا وتویەتی:"**پێویستە ژنان خوێندەوارین و یارمەتیدەری گەورەی پیاوان بن و نابێ ئیمە هەمیشە چاوەڕێی هاوسەرەکانمان بین پارەو جلوبەرگ و زێڕمان بدەنێ. خانمە بەڕێزەکان منداڵەکانتان بەدبەخت مەکەن و لە چوارچێوەی ماڵدا مەیانهێڵنەوە، بیانێرن بۆ خوێندنگاکان تا بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانیان بکەن بۆ ئەوەی ژنی کورد هاوشێوەی ژنە شارستانییەکان لە دەرەوە کاربکەن**"(موجاب، 2001، 27).

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە بەهۆی چاکسازییە ڕوکەشەکانی بنەماڵەی شاهەنشاهی و پەرەدان بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەگشتی گرنگی ئەوتۆ بە کردنەوەی خوێندنگا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدرابو، هەر بۆیە ڕێژەی نەخوێندەواری بەگشتی کەم بوە (گەوهەری، 2017، 212)، دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان و لە دوای پێکهێنانی کابینەی ئەم کۆمارە کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دێموکرات لە مانگی تشرینی دوەمی ساڵی 1946بڵاوکراوەتەوە، دوای ئاهەنگێران بۆ سەربەخۆی کوردستان لە 22کانونی دوەمی 1946، (23) کەس لەکاربەدەستانی کۆماری کوردستان وتاریان بۆ جەماوەری

کوردستانداوە، (دو)لەو کەسانە دو مامۆستای ژن بون، لە وتارەکانیاندا سەرەڕای ڕەخنەکانیان ئاماژەیان بۆ خوێندەواری ژنان و هەوڵدان بۆ پێشکەوتنەکانی ژنان کردوە،هەروەك خەدیجەی مەجیدی، مامۆستای خوێندنگای پەروانەی کچانی مەهاباد بوە، لە وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە و وتویەتی:"**خوشکە بەڕێزەکان ئێستا با تەماشای برا ئازیزەکانمان بکەین و دەست بخەینە ناو دەستی یەکتری چونکە من وایدەبینم، نیشتمانی دایك چاوەڕوانی کچەکانیەتی دەستبەکارین و دەست بە خوێندن و فێربون بکەن، جیهانی ئەمڕۆ پێویستی بەکچان و کوڕانە دەست لەناو دەستی یەکترکار بۆ ڕزگاری نیشتیمان بکەن**"(ڕۆژنامەی کوردستان، 11ی فیوریە 1946، 1). هەروەها کوبرا عەزیمی لەوتارەکەیدا "**هانی کچان و بنەماڵەکەنیانی داوە لە پێناو ڕۆشنبیرکردنیان هەوڵبدەن و لەهەمانکاتدا ڕەخنەی لە خەڵکی مهاباد گرتوە، چونکە وتویانە کچەکانمان نانێرین بۆ خوێندنگا و بەو هۆیەوە ڕەوشتی تێك دەچێت و تەنانەت کە ئێمە دەبینن بە بێزەوە سەیرمان دەکەن و! دەڵێن ئەوانە مامۆستان! ئێوە سەیری کتێبە بیانییەکان بکەن، بۆ ئێمە وەك ئەوان مرۆڤ نین؟ بۆچی لە شارێکی وەك مەهاباد ئێمە ژنێکمان نیە نەشتەرگەر یان ددانساز بێ، بۆیە کچەکانتان بنێرن بۆ خوێندنگا**"(موجاب، 2001، 29).

هەر بۆ ئەم مەبەستەش، لە ڕۆژنامەی کوردستاندا وەك ئاگادارییەك بڵابۆتەوەو ئاماژەی بۆ کراوە، بە تەواوی خەڵکی شاری مەهاباد ڕادەگەیەنرێت لەسەر ئەمری پێشەوا قازی محەمەد و قەراری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوە بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی و لەو تاریخە بەولاوە تا 10ڕۆژی دیکە هەر کەسێك کچ و کوڕی هەبێ و تەمەنی گەیشتبێتە خوێندن دەبێ بنێریتە خوێندنگا و هەرك هس لەو ئەمرە ڕوی وەرگێرێ بە توندترین موجازات تەمبێ دەکرێ).(کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ معاونی حیزب طەزادە) (ڕۆژنامەی کوردستان، 11ی ژانویەی 1946، 4).

لێرەدا بۆمان ڕون دەبێتەوە، لەڕوی سیاسی و قانونییەوە حیزبی دێموکرات بێجگە لەوەی گرنگی داوە بەخوێندن بە زمانی کوردی، لە هەمانکاتدا دایك و باوکانی ئەرکدار کردوە لە پێناو خوێندنی کچ و کوڕەکانیان و کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بەڕوی کچانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چونکە هەتا ئەوکات بەهۆی کلتور و دابونەریتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا کچان بەو ڕێژەیەی پێویست بوە دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە (باڵەکی، 2016، 32). هەروەك دەبینرێ وجێگای سەرنجە، جگە لەژنان، خودی سەرۆك کۆماریش بەتەنگ ڕەخساندن و پێشخستنی خوێندنی کچان و ژنان بوەو بۆ نمونە لە شاری (شنۆ) یەکەم خوێندنگای کچانی کردۆتەوەو تەنانەت حەسەنی کازمی بەڕێوەبەری خوێندنگا لەوتارێکدا، کە لەڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، پێویستە سوپاسی سەرۆك کۆمار بکرێت بۆ ئەو خزمەتگوزارییە و بەگرنگی و بایەخەوە بڕوانە ئەو هەنگاوە و کچەکانیان بنێرین بۆ خوێندنگا، چونکە کوردستانێکی ئازاد پێویستی بە ژنانی خوێندەوارەو ئازادی و خوێندن لە یەکتری جودا نین و بەرزترین دەستکەوت ئەوەیە کە وەك پیاوان بن و ژنی نەخوێندەوار بارە بەسەر نەتەوەو نیشتمانەکەیدا بۆیە دەبێ بخوێنن (موجاب، 2001، 33، 34).

هەر لەو بارەوە کوبرا عەزیمی لەبیرەوەرییەکانیدا وتویەتی:"ئەودەم قوتابی کچ زۆر نەبون، ژنی خوێندەواریش هەر زۆر کەم بون ژنەکان ئەوسا هەر خەریکی کاری ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵ بون و جاروباریش بۆ بانگهێشتی باخ یان سەرەخۆشی و شایی دەهاتنە دەرەوە، دەنا نە دەچونە دەرەوە، نە بەشداریان لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا دەکرد، ئەوەی چالاکی سیاسیش بێ هەر هیچ، بەو زانیاریانیەوە دەتوانم بڵێم ئەو چالاکیانەی ژنان کە لە یەکێتی یایان هەیانبو بۆ سەردەمی خۆی هەنگاوێکی گەورە بو، ئەگەر کۆماری کوردستان شکستی نەهێنابا، پێدەچو یەکێتی یایان یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و زانیاری ژنان بایە" (عەزیمی، 2024، 96). لێرەدا دەکرێت ئەوە بۆ ژنانی نیشتەجێ لە ناو شارەکاندا دروستبێ، بەڵام بۆ ژنانی دێهاتەکان دەکرێ جیاوازتر لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە ژنانی دێهاتەکان لە گەڵ ئەوەی ئاستی خوێندەواریان نەبوە یان کەم بوە، بەڵام ئازادییەکی زیاتریان هەبوەو بەردەوام لە ئەرك و کاری دەرەوە هاوکاری بنەماڵەکانیان بون.

لێرەدا دەکرێ بگوترێت، هەرچەندە لە سەردەمی کۆماری کوردستان ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان دامەزاروە و بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوشێوەی ناو کۆمەڵگای ئێران بەگشتی ژنان بونە خاوەن ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان و هەوڵی بەئاگاهێنانەوەی ژنان و کچانی ناو کۆمەڵگای کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و پەرەیان بە کاری ڕێکخراوەیی و کردنەوەی خوێندنگای تایبەت بەکچان و چونە سەری زانست و زانیاری ژنان و کچان داوە، کە وەك دەستکەوتێکی ئەو کۆمارە بە ئەژمار هاتوە و ژنانیش هاتونەتە مەیدان، ئەگەر ناهیچ کارێك سەبارەت بە بەشداری ژنان لە پرسە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و مافی دەنگدانی ژنان لە کابینەی یەکەمی کۆماری کوردستان و ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی یەکەم (1945)و دواتریش تاکۆنگرەی چوارەم (1980) نەهاتۆتە بەرباس. هەروەها بەگوێرەی نوسراوەکان و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و تەنانەت خودی پێشەوا قازی محەمەد لە وەڵامی چەند ڕۆژنامەنوسێکدا، پرسیاریان لێکردوە کە لە حکومەتی سەربەخۆی ئازەربایجانی دراوسێدا، بۆ یەکەمجار لەئێراندا ژنان مافی هەڵبژاردنیان وەرگرت، لە کۆمارە کوردییەکەدا هەرچەندە دەنگدان وەك مەسەلەیەك نەخراوەتە بەرباس، بەڵام سەرۆك هاوسۆز بوە لەگەڵ دەنگدانی گشتیدا و لەو چاوپێکەوتنەدا پرسیاری لێکراوە کە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی بەخشیوە بە ژنان لە هەڵبژاردندا ئایا تۆش هەمان شتت کردوە؟ وەڵامەکەی ئەوە بوە، کە هەرچەندە من ئەو کارەی ئازەربایجان بە ئەرێنی دادەنێم، بەڵام پێتان ڕادەگەیەنم کە من نەمتوانییوە ئەو سەرکەوتنە بە دەست بێنم[8] (موجاب، 2001، 40 ؛ بورزویی، 2005، 414).

بۆیە دەتوانرێ بگوترێ ئەگەرچی دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەپێشەنگایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژنان ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان دانا بۆ پرسەکانی خوێندن و خوێندەواری و زیاتر هۆشیارکردنەوەی ژنان بۆ مافە سەرەتاییەکانیان، بەڵام ڕۆڵ و بەشداری ژنان لەو قۆناغەدا نەچۆتە چوارچێوەی کایەی کاری سیاسی وبەشداریان لەگەڵ پیاوان لەنێو سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات و تەنانەت لە کابینەی وەزارەتی کۆماری کوردستانیشدا.

هەرچۆنێك بێ، لە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، تاکو دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران(1979) لەسەرچاوەکاندا ئاماژە بەناوی هیچ ڕێکخراو و بڵاوکراوەی تازە دامەزراوی تایبەت بە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەکراوە. بێگومان لەدوای ئەم قۆناغەش دەرکەوتنی ژنانی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆچەندین هۆکارو دەرهاویشتەو گۆڕانکاری نێوخۆی و نێودەوڵەتی کە لەسەر پرسی ژنان و بارودۆخی سیاسی نەتەوەی کورد هاتبونە کایەوە. هەر بۆیە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لەساڵانی دواتردا ڕەهەندەکانی خەباتیان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە بواری جیاوازتر دەستپێکردوە.

## دوەم: ڕۆڵ و بەشداری ژنان لەقۆناغی ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاکو ڕوخانی ڕژێمی شاهنشاهی پەهلەوی:

شکستی کۆماری کوردستان شوێنەواری قوڵی سایکۆلۆژی لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناو ئەم کاریگەریەش بەڕونی کاریگەری لەسەر ژنانی کورد وەك چینێکی ناو کۆمەڵگای کوردستان دانا، چونکە هەروەك لە پێشوتردا باسمانکردوە تا دوای ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات، ژنانیش هیچ چەشنە جموجۆڵ و چالاکییەکیان بەشێوەی ئاشکرا نەبوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، لەساڵانی 1949-1953 کاتێك چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبوژێتەوە و ڕێکخستنەکانی بەرفراوان دەبێ و بە بەشداری چەند لاوێك وەك (غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، عەبدوڵلا ئیسحاقی، عەبدوڵلا ئەیوبیانو ڕەحیم سوڵتانی و هتد...) ئەم لاوانە لە ناوچەی سیتەك لە باشوری کوردستان گۆڤارێکیان بەناوی (ڕێگا) لەگەڵ چەند

بەیاننامەیەك بڵاوكرۆتەوەو لە ڕێگەی ئەندام و لایەنگرانی ناوخۆیی بە نهێنی بگەیەننە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵك بەرەو تێكۆشان هان بدەن (باوەڕ، 2023، 57؛ محمود و ئەوانی تر، 2015، 207).

بەم شێوەیە دوای ڕێكخستنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەهاوینی ساڵی 1955، لەکێوی قەڵاتە ڕەشی گوندی سەید ئاوایی بابی گەورە لە ناوچەی پیرانشار بەبەشداری پازدە تا بیست کەس،حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکەم کۆنفراسی خۆی پێكدیێنێت. لەو کۆنفراسەدا هەندێك بڕیاری گرنگ سەبارەت بەکارو ئەرك و چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەدرێت، بەگوێرەی گەڵاڵەی پێشنیاری نوێی بەرنامەی حیزب،کە پەسەند دەکرێ و بۆ یەکەمجار وشەی ئێران لەناوی حیزب زیاددەکرێ و دەبێتە(حیزبی دێموکراتی کوردستان_ ئێران) لەو کۆنفرانسەدا بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی کاری تەشکیلاتی بڕیاردەدرێ تا دەکرێت کارەکان بە شێوەی نهێنی لە ڕێگەی ئەندام ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات بکرێت (گادانی،2008،ب1، 111-112).

لێرەدا دەکرێ بگوترێت، ژنانیش وەك ئەندام و لایەنگر بەشێك لەو چین و توێژانە بون کە ڕۆلی کاریگەریان هەبوەو بۆ دەرخستنی زیاتری ڕۆڵی ژنان لەو ماوەیەداو نمونەیەکی بەرچاوی ئەو قۆناغە مێژویە(هێلین خانم)[9] بوە، لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، لە ژیانی نهێنی خەباتی خۆیی لەگەڵ عەبدول ڕەحمان قاسملو بەشێوازێك بوە،کە زۆرجار بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بەخۆشاردنەوە لە ژێر چارشێوێکی ژنانەدا هەوڵی هێنان و بردنی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی داوەو هەر لە درێژەی بیرەوەریەکانیدا وتویەتی: "کە لە ناوخۆی تاراندا بڵاوکراوەکانم دەگەیاندە کەسانێك کە ئەوانیش لە تاران بەنهێنی دەژیان و خەریکی کاری سیاسیی بون وبێجگە لەو ئەرکەش هەندێك جار پەیام و نامەم هێناوەو بردوە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار کاری چاودێری و پاسەوانیشم ئەنجام داوە" (قاسملو، 2014، 115، 116).

بەگوێرەی زانیارییەکان و چاوپێکەوتنەکان ئەوە ڕون دەبێتەوە ژنان بە هێنان و بردنی نامە لەنێوان ڕێکخستنەکان و پێشمەرگەدا، تەنانەت جاری وا هەبوە گواستنەوەی چەکیشی گرتۆتەوە لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگە لەکاتی (بۆسەدانانەوە) لەنێو گوندەکان و هاتنی هێزەکانی ڕژێم و چەندین هەواڵی دیکەی پەیوەندیدار بە پێشمەرگە یەکێك لە ئەرکەکانی ژنان لە نێوخۆی وڵاتدا بوە کاریان کردوە (فتوحی، 2013، 12). هەروەك عیسمەت نستانی[10] دەڵێ: "بێگومان شاهدی زۆربەی ڕوداوەکانی ئەو سەردەم بوم و ژنان لە ناو کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێراندا بەردەوام دژ بە ڕژێمی شاهەنشاهی لە تێکۆشاندا بون و خەباتیان بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجامداوە، زۆربەی جار لە شەقامەکانی ناوشاردا بە دەنگی بەرز گوتویانە (مرگ بر شاه) واتە مردن بۆ شاه و تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە ژنان وکچان بۆ پشتیوانیکردن لە هاوسەرو باوك وبراکانیان بەشداریان لە شۆڕش کردوە و لە ڕوی دارایی و کاری ڕێکخستنەوە هاوکاربون"(نستانی، کۆیە،30/ 6/ 2024).

هەر لەو چوارچێوەیەشدا، کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی لە سەر دەستی ژمارەیەك لاوی خاوەن هەست و ئازادیخوازی کورد ژیایەوەکە زۆربەیان خاوەن ئەزمونی بەڕێوەبەرایەتی کاری ڕێکخراوەیی و ڕاپەڕاندنی چالاکی نهێنی و لەسەرەتادا جیا لە یەك و بەچەند ناوی جیاوازەوە کەوتنە چالاکی و هاندانی خەڵك دژی ڕژێم(سەردەشتی، 2011، 385).

لەنێوان ساڵانی (1956- 1978) لەگەڵ ئەوەی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی تا ڕادەیەك ژیاوەتەوەو لەگەڵ هاتنە پێشی چەند ڕوداوێکی سیاسی چەکداری لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە نمونەی خۆپێشاندانەکانی ساڵی 1953و جوڵانەوەی چەکداری (1967- 1968)ی بەشێك لە ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەبینن هیچ ئاماژەیەك و زانیارییەك بەردەست نییە، تا ئاماژە بە ڕۆڵ و بەشداری ژنان لەو ڕوداوانە بکات.

لە سەروبەندی سەرهەڵدان و خۆپیشاندان و ڕوداوەکانی ناوەراستی ساڵی 1978و سەرەتای 1979، لەو قۆناغەدا،کە یەکەم ڕاپەڕینی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 1978/6/15 لە شاری مەهاباد دەستپێکردو بەتایبەتی کاتێك لەمەڕاسیمی ناشتنی تەرمی (عزیز یوسفی)، کە لە کەرنەڤاڵێکی نەتەوەییدا ناشترا و دروشمی نەتەوەیی لە چوارچێوەی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکانی

ئێران و ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا وتراوەتەوە و بەم شێوەیە دوای خۆپێشاندانەكانی شاری مەهاباد لەزۆربەی شارەكانی دیكە وەك: (ورمێ، بانە، سنە، نەغەدە، پاوە، سەردەشت، مەریوان و..هتد) خۆپێشاندان سەریانهەڵداوەو، لەو خۆپێشاندانانە ژنانیش هاوشان لەگەڵ چین و توێژەكانی ناوكۆمەڵگاو لەچوارچێوەی ڕێكخستنە نهێنییەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان بەشداربیون لە خۆپێشاندانەكان و دروشمی نەتەوەیی و نیشتمانیان وتۆتەوە (محمود، 2012، 47-49).

بەم شێوەیە دوای ئەم قۆناغەو سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لەڕۆژهەڵاتی كوردستان قۆناغی گەشانەوە و پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەیی بو، چۆن زۆربەی شارو ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەدەست كوردەكانەوە بو، بەڵام كاتێك كۆماری ئیسلامی ئێران و خومەینی بەرامبەر بە بزوتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان هەڵوێستی شەڕخوازانەی وەرگرت و بۆ ئەم مەبەستەش دوای ئەوەی لە 18ی ئابی1979خومەینی فەرمانی جیهادی بۆ هێرشكردنە سەر كوردستان ڕاگەیاند، بەوهۆیەشەوە ژمارەیەكی زۆر لە شارەكانی كوردستان كەوتەوە دەست سوپای ئێران و بەم شێوەیە شەڕ بەسەر كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و حیزبی دیموكراتدا سەپاوە(محمود،2012، 59، 60).

لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكریت، حیزبی دیموكرات بەجۆرێك بۆ ماوەی سێ مانگ ڕوبەڕوی شەڕێكی نەخوازراو بۆوە، لەم قۆناغەشدا حیزبی دێموكرات لەڕوی كاری (سیاسی و كۆمەڵایەتی) هەوڵیدا كارنامەی كاری خۆی بەشێوەیەك دابڕێژیت كە ئەندامان و لایەنگرانی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە بەشداریكردن لە خوپێشاندان لە شارەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و تاران و ورمێ لە لایەك و، لەلایەكی دیكەوە بەدامەزراندنەوە و بەهێزكردنی ڕێكخراوە پیشەییەكان و هاندانی ژنان و كچان بۆ بەشداریكردن لە تێكۆشانی حیزبی و زۆربەی بۆنە و ئەركە نەتەوەییەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان. ئێران و بەڕێوەبردنی چەندین میتینگ و كۆبونەوەی جەماوەری و بڵاوكردنەوەی تراك هاوكارین و كار بكەن (گادانی، 2008،ب1، 238-240).

لەو چوارچێوەیەدا، ئەزمونی دوەمی هاتنی ژنان بۆ گۆڕەپانی گشتی و دامەزراندنەوەی ڕێكخراوی ژنان، كە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی یەكەمی شۆڕشی 1978 و دوای شۆڕش، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی كۆمەڵێك ژنانی خوێندەواریش بێنە گۆڕەپانەكەو بەشداری خۆپێشاندان وكۆبونەوەكان بكەن و بێگومان پاشخانی سیاسی بنەماڵە لەوكاتەدا كاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر بەشداری ژنان لەپرسە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكاندا، تەنانەت بنەماڵەكان لە چالاكییە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكاندا ئازادییەكی زۆریان بەكچان و ژنانی نێو بنەماڵەكەیان بەخشیبو و ژنانی چالاكی كۆمەڵگای كوردستان بەشێوەیەكی سەرەكی سەر بەو بنەماڵانە بون كە پێشتر لە ڕوی فیكرییەوە بە گوتاری ناسیۆنالیستی ئاشنابون(محەمەدی و دیگران، 1400، 384، 391).

هەربۆیە لەگەڵ سەركەوتنی شۆڕشی 1979 لە ئێراندا، یەكێتی ژنانی دێموكراتی كوردستان لە شارە جیاوازەكانی وەك(مەهاباد، شنۆ، سەردەشت) بە هاوكاری ژنانی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كورستان و حیزبی دێموكراتی كوردستان دامەزراوەتەوە و ژمارەیەك لە ژنانی خوێندەواریش هاتونە ناو ئەو ڕێكخراوەو ئەركیان وشیاركردنەوەی كۆمەڵگا لە دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی وەك (ژن بە ژن، گەورە بە بچوك و بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و هتد...)بوە و هەركەسێك ئەو كارانەشی بكردایە لەلایەن حیزبەوە سزا دەدرا، واتە ئەمەش بە هاوكاری و بەرنامەی حیزبی دیموكرات بوە، ئەم هەڵوێستەش لەلایەن ژنانەوە پێشوازی باشی لێكراوە (ستار، 2019، 87).

هەروەك عیسمەت نستانی دەڵێ: "دیارە بەهۆی كلتور و دابونەریتی سونەتی زاڵ بەسەر كۆمەڵگادا ئەوكات كاركردن لە هەریەكێك لەو بوارانەی كە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا كاریان تێدا كردوە و بە تایبەت لە ناو حیزبێكدا بۆ ژن نامۆ بوە، هەربۆیە كەمتر ژنان دەهاتنە مەیدان زۆرینەی ئەو كچان و ژنانەی دەهاتن زۆربەیان كەسێكیان لە ناو حیزبدا بو یان یاخود بنەماڵەكەیان لە ناو حیزبدا بون، بۆیە ڕێژەیەكی كەم لە كچان دەهاتن و ڕێژەی كچان كەم بو، ئەوكات منیش لەگەڵ كۆمەڵێك لەو كچ و ژنانەی

کارم لەگەڵ دەکردن وەك (نەسرین حەداد) و (سوهەیل حەدادی خوشکی) بون کە باوکیان پێشمەرگە بو. هەروەها (زیبا شیوەیی و مریەم ابراهیم زادە)ش یەکێکی دیکە لەو کچانە بون کە بە یەکەوە کارمانکردوە" نستانی، کۆیە، 30/ 6/ 2024).

هەرلەو بارەوە خەدیجە لاهیجانی[11] وتویەتی:"بەهۆی باوکم و برایەکەمەوە ئاشنای کاروباری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوم، چۆن باوکم وەك فەرماندەیەك لە دەست بەسەر داگرتنی ژاندەرمی پیرانشار دا بەشداربوە هەروەها سەرپەرشتی زۆربەی خوپێشاندانەکانی ناو شاری پیرانشارو ناوچەکانی دەوروبەری کردوە، تەنانەت بە مەبەستی ڕاپەراندنی ئەرکی حیزبی وەك بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك تراك و نامەو بڵاوکراوەی حیزبی نێردرامە نێو شاری پیرانشار کە دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانم بە هۆی بینینم بە هۆی جاشێك لەگەڵ (خالم) گیرام و بۆ ماوەی 35 ڕۆژ دەستبەسەرکرام و بۆماوەی 15 ڕۆژیش لە ژوری تاکەکەسی دانرام، بەهۆی تەشکیلاتی نێوخۆیی و بنەماڵەکەم و بەتایبەت بنەماڵەی شێخ سەید تەهای گەزگەسك کە هاوکاری باشمان بون بە زەمانەت ئازاد کرام، دواتر لە ساڵی 1982 بە نهێنی لە پیرانشار هاتمە دەرو هاتمە نێو شۆڕش و دواتر لەگەڵ پێشمەرگەیەك بە ناوی لوقمان میهفەر کە باوکم و کەس و کاریشم دەیانناسی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا و هاتمە نێو شۆڕش و لەوکاتەوە بەردەوامم"(شەریفی، 1388، 59، 60).

یەکێکی دیکە لەو ژنانە خورشیدە ڕەسوڵی[12] دەڵێ: "پەیوەندی من بەحیزبی دێموکرات بەئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1986 ئەوکات بۆ منێك وەك کچ زۆر زەحمەت بو لە کۆمەڵگەیەکی سونەتیدا، بەڵام پێش ئەوکاتەو لە سەرەتادا بەشێوەیەکی نهێنی بو، واتا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کارمکردوە کە زیاتر لەکاتی بۆنەو یادەکانی حیزبی دێموکرات وەك 25ی گەلاوێژ یان ڕۆژ و یادی دیکە ئێمە ئەرکمان بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشمەکانی حیزبی بو لە ناوگوندەکانی خۆمان و دەوروبەرو جارجار بۆ ناو شاریش، ئەوکات لەگەڵ چەند کچێکی دیکە کە هەر ئی گوندەکەی خۆمان بون وەك(مریەم ڕەحمانی، ئایشە ڕەحمانی و عەزیمە عوسمانی و فەوزیە پورئازەر)هاوکاریی یەکترمان دەکرد و ئەرکەکانمان بەڕێوە دەبردن. یان کاتێك هێزەکانی پێشمەرگە بەنهێنی دەهاتنە گوندەکان لەهەر بارودۆخێکی نەخوازراو ئاگادارمان دەکردنەوە"(ڕەسوڵی، کۆیە،30/ 6/ 2024).

هەروەها چەند ژنێکی دیکە کە تا ئێستاش لە ژیاندا ماون و لە نێو حیزبی دیموکراتدا ماونەتەوە، لە میانەی گفتوگۆکانیاندا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا زیاتر ئەوە دەخەنەڕو، هەروەك خونچە فەیزوڵڵای خەڵکی بانە وتویەتی:(لە ساڵی 1978 وەك هاوسەری پێشمەرگەیەك لە ناوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان چەندین جار بە بیانوی جیاواز پێداویستی خواردن و جلوبەرگمان گەیاندۆتە پێشمەرگەو تەنانەت زۆرجار لە ئاواییەکاندا پێشمەرگەکانمان لەکاتی دانانەوەی بۆسە لەلایەن ڕژێم ئاگادارکردونەتەوە) (شەریفی، 2012، 29). هەروەها یەکێکی دیکە لەو ژنانە خاتو(عالیە)یە، خەڵکی گوندی شرکانە لە ناوچەی کرماشان، وتویەتی:(ڕاستە هاوسەری پێشمەرگەکان بەشێکیان ئەگەر چەکیشیان لە شان نەبوبێ، بەڵام سەختی و زەحمەتی زۆریان بینیوە و هاوکاری باش بون لە ڕوی دابینکردنی پێداویستیەکانی پێشمەرگەوە و گرنگە ئەوەش بگوترێت کە ژنانی بۆخۆیان پێشمەرگەبون و چەکیان هەڵگرتوەو هاوسەردار بون ئەرکیان زۆر قورستر بوە)(شەریفی، 2009، 45،44).

هەروەها گوڵێ ئیبراهیمی[13] لەو بارەوە دەڵێ:"ئەوکات و ساڵانی دواتریش لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردو کاتێك هاتم بۆ ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، هاتن بۆ ڕەگەزی مێ یان من وەك کچێك زۆر سەخت بو، بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵگای ئەوکات تەنانەت بنەماڵەی خۆمان دژی ئەوە بون کچان بێنە ناو ڕیزەکانی حیزب و ببن بە پێشمەرگە، بەڵام لەگەڵ هەموکەم و کورییەك کە هەبوە بە نسبەت ژنان و کچان هەر لەڕەوتی خەباتدا بەشداربوم لە ڕاپەراندنی ئەرکەکانم چۆن پێش ئەوە بەشێوەی ئاشکرابێمە ناو حیزبی دێموکرات، پێشتر وەك ئەندامی حیزبی لە ناوخۆ کارم کردوە، بۆنمونە کاتێك پێشمەرگە دەهاتەوە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕوی پێداویستی وەك جلوبەرگ یان خواردن و خۆراك یان ئاگادارکردنەوەیان لە هەر بارودۆخێکی

نەخوازراو لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکاریم دەکردن و لەکاتی بۆنەکان و یادەکانی پەیوەست بەحیزبەوە بەشدار دەبوم و تەنانەت کاری ڕێکخستنیشم دەکردو هەروەها بە دەستی خۆم و شەخصەن چەکم لە گوندەکەی خۆمانرا بۆ ناوشاری پیرانشار بردوە و هەروەها بەهۆی تێکەڵاو بونم لە گەڵ پێشمەرگەکان وکە لە گەشتەکانیاندا دەهاتنە گوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە دەهاتنە گوندی (پردانان) و زۆرجار پێشمەرگە دەهاتن بۆ ماڵەکانی ناو گوند، کە یەکێك لەو ماڵانەش ماڵی ئێمە بوە لە ڕوی چەك و پێداویستی جلوبەرگ هاوکاریان بوم'' (ئیبراهیمی، کۆیە، 4/7/ 2024).

بەگوێرەی سەرچاوەکان، لەنێوان ساڵانی 1963-1979بەگشتی نزیکەی(296) ژن بونە قوربانی، بۆیە بەشداریکردنی ژنان لە ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری، بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان و لە ڕابەرایەتیکردن و پشتیوانیکردن لە جوڵانەوەکان و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نمونە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی جیاوازی ڕەگەزی کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆڵ و هەوڵدانی ژنان لەو قۆناغەدا نەبوە (ستار، 2019، 85) هەروەها جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو، بەیەکێك لە قۆناغی گرنگ و ڕوداوە مێژوییە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان دابنرێت، کە بوە هۆی گۆڕینی باری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی  و سیستمی حومکڕانی کردن لە مێژوی هاوچەرخی ئێراندا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران قۆناغێکی نوێ و گرنگ لە مێژوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد سەریهەڵدا(محمود،2012، 28)، کە لە دوای ئەو قۆناغە ژنان زیاتر لە پێشو هاتونەتە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات کوردستان و تەنانەت لە بواری چەکداریشەوە بەشداریان کردوە.

**سێیەم: ڕۆڵ و بەشداری ژنان لە حیزبی دیموکرات لە نێوان ساڵانی 1980-1990:**

لەپێشوتردا ئەگەر دەرکەوتنی ژنان وبەشداریکردنیان لەڕەوتی خەبات لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە بوبێ،لەم قۆناغەدا، دەرکەوتنی ژنان لەدوای قۆناغی بوژانەوەو دواتر دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو گەشەدان بە شوناس و ناسنامەی خۆیان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان  کە بۆ دو ئەرك(نەتەوەیی و هەڵاواردنی ڕەگەزی) هەوڵیانداوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان، ڕاستەوخۆ هاتونەتە نێو شۆڕش خەباتی خۆیان لە بواری(سیاسی، چەکداری و تەشکیلاتی، تەندروستی وپەروەدەو فێرکردن) گەشە پێداوە.

بێگومان لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵی 1979دا دیسان ئەرکی بەڕێوەبردنی کەوتۆتە سەرشان، هەرچەندە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕوی (ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کلتوری) لە ئابڵۆقەدابوە و بەمەش بۆشایی لەحوکمرانی و ئیدارەدانی وڵاتدا هاتبوە ئاراوەو، هەربۆیە شانی وەبەر هەردو بەرپرسیاریەتی ئەرکی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی وڵات داوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی داوە بە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی، دامەزراندنەوەی خوێندنگاو نەخۆشخانە و چارەسەری پرسەکان لە ڕێگەی بە قانونکردنی کۆمەڵگا جێبەجێبکات. بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی 1980دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات گەلالەیەکی بە نێوی (گەلالەی کومسیۆنی قەزایی و قانونی سزادانی گشتی) پەسەندکردوەو هەر لەو قانونەشدا لە بەندی(67- 72) تایبەت بەمافی حقوقی و ئینسانی ژنان باسی لە مارەیی زۆرو هێنانی ژنی دوەم، ژن بە ژنە و پێشکەوتن و بەشداری ژنان لە بواری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و چەکداری و پەروەردەیی و چەندان بڕگەو بابەتی دیکە کردوە (باڵەکی، 2006، 17-82). بڕیارەکانی حیزبی دێموکرات ئەگەرچی کەمو کوڕی زۆری تێدا بو، بەڵام تاڕادەیەك ڕەنگدانەوەی لە سیاسیەتی حیزبی دێموکراتدا هەبوە هەروەك دەبینرێ لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداری (310) نوێنەر لە سینەما ئومێد لە شاری مەهاباد لە (24ی شوباتی 1980) بەستراوە، لەو کۆنگرەیەدا لەکۆی (25) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە هەڵبژێردرا تەنیا ژنێك بە ناوی (فەوزیە قازی)[14] وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە[15] (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی 1-9، بەرگی یەکەم، 2012، 94).

دەکرێ بگوترێت ئەمەش بەرەو پێشچونێکی چۆنایەتی گەورەو گرنگ بوە لەو قۆناغەی خەباتی سیاسی کورد و ژیانی پارتایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە ژنێك بگاتە پلەی ئەندامی سەرکردایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا.

دوای تەواوبونی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە (24ی شوباتی 1980)، عەبدولرەحمان قاسملو بەمەبەستی لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم وتوێژ لەگەڵ حکومەتی ئێران و ڕوانگە و بۆچونەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ڕێبەرایەتی خومەینی و گیروگرفتەکانی کوردستان بەڕێگەی ئاشتی داوای کردوە حکومەتی ئێران لیژنەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات قبوڵ بکات. دوای هاتنەوەی وەڵامی (ئەبوحەسەن بەنی سەدر) کە (25ی شوباتی 1980) بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی دیاریکردبو، حیزبی دیموکرات هێئەتێکی پێنج کەسی،کە یەکێك لە ئەندامەکانی بە ناوی (فەوزیە قازی) بوە و ئەندامەکانی دیکەش بریتیبون لە (غەنی بلوریان سەرۆکی لیژنە، عەبدوڵڵای حەسەنزادە، نەوید موعینی و ئەحمەد قازی) بە مەبەستی وتوێژ چونە تاران (حسن زادە، 2002، 360؛ ستار، 2019، 88).

لێرەدا دەکرێ بگوترێت، سەرەڕای سەرەڕۆیی و باڵادەستی چەمکە سونەتیە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە هەمانکاتدا کۆمەڵێك هۆکار و لەمپەر،کە دەستیان وەدەستی یەکدی دابو لەبەردەم پرۆسەی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان تا ڕادەیەك هاتونەتە نێو چوارچێوەیەکی سیاسی لە نێو حیزبی دیموکراتدا بەشداریان لە کاری سیاسیدا کردوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران(1980) ژنانی ئێران بە گشتی ڕوبەڕوی سیاسەتی پێشێلکردنی مافەکانیان بونەوە سەبارەت بە پرسی حیجاب و هتد..لەم ڕوەوەش هاوشانی ژنانی ئێران، ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەناو هێزە سیاسیەکان وەك (حدکا) ڕۆڵی گرنگ و کارایان بینیوە لە بەڕێوەبردن و خۆپێشاندانەکان و داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان لە ئازادی جلوبەرگ و نەپۆشینی سەرپۆشدا کردۆتەوە و لە دروشمەکانیاندا دژ بە ئەو سیاسەتە لە خوپێشاندانەکاندا وتویانە (نە روسری نە توسری، مرگ بر جمهوری ئیسلامی). بەو هۆیەشەوە ژنانی کورد ڕوبەڕوی کۆمەڵکوژی و زیندانی کردن و لە سێدارەدان و دەستدرێژی بونەتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی خاوەن هەڵویستی نەتەوەیی و نیشتمانی بون، نمونەی ئەو ژنانەش وەك (شەهلا و نەسرین کەعبی) کە دو ژنی خەڵکی شاری سەقز بون و لە 28/ 8/ 1980 لە سێدارە دراون. هەروەها (زەریفە باجەلانی) کە ژنێکی ناسراوی شاری کامیاران بوەو دوای ئەشکەنجەدان و ئازارێکی زۆر لە 10/6/ 1980 لە سێدارە دراوە (محمود، 2012، 136، 140).

لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، لە نێو هێزە سیاسیەکاندا و بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات هەمیشە لە وتەکانیاندا سەبارەت بە بارودۆخی ژنان کورد بەگشتی و ژنان لە نێو حیزبی دیموکراتدا زۆر بابەتیان هێناوەتە بەرباس هەروەك عبدالرحمان قاسملو لە دەیەکانی حەفتاو هەشتاکانی زاینیدا وتویەتی لە تێکۆشانی حیزبی ئێمەدا دەبێ جێگای تایبەت بە ژنان بدرێ کە نیوەی دانیشتوانی وڵاتەکەمان پێکدەهێنن، حیزبی دیموکرات مافی بەرابەری لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێت، بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە نێواندایە، دەبێ ئەو مەودایە وردە وردە لە نێو بچێت و بە بڕوای حیزبی دێموکرات تا ژنان لەکاری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەشداربن کۆمەڵ پێشکەوتوە و هەرچی ژنان لە بزوتنەوە سیاسی و نەتەوەیەکاندا تێکۆشەر بن بزوتنەوەکە پێشکەوتوترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە (فتوحی، 2013، 14).

هەر لەو چوارچێوەیەدا وەك دەردەکەوێت، بەشداری ژنان لە بواری سیاسی لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لەمیانەی گفتوگۆکاندا، بیرو بۆچون و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان هاوتەریبن، لێرەدا هەوڵدەردێ چەند ڕوانگەیەك بخرێتەڕو، کە لەو

باوەردان ڕاستە لە بەرنامەو پەیرەو پرۆگرامی حیزبی دیموکراتیدا باس لە بەشداری ژنان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان کراوە، بەڵام وەك پێویست نەبوە.

لەم ڕووەوە عیصمت نستانی دەڵێ: "هێزە سیاسییەکان کەناڵێکی زۆر گرنگ بون بۆ بەشداری ژنان لە بواری سیاسیدا، ئەگەر مێژو بخوێنینەوە لە زۆربەی کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەشداری ژنان قۆناغێکی مێژویی هەبوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات و کۆنگرەکانی دواتر، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیش (پێشەوا قازی محەمەد وعەبدول ڕەحمان قاسملو) هەمیشە لە وتەکانیاندا دوپاتیانکردۆتەوە پێویستە ژنان جێگای تایبەتیان هەبێ و حیزبی دیموکرات مافی بەرابەری تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنانیش دادەنێت. لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا، لە کۆنگرەکانی (4 و 11)ی حیزبی دیموکراتدا، تەنها دو ژن وەك ڕێبەری لە ناو مێژوی ڕێبەری حیزبدا بونیان هەبوە،کە(فەوزییە قازی و خدیجەی معزوری) بون. لەگەڵ ئەوەی ژنان کۆڵەکەی خەبات بون و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی قۆناغەکان، یارمەتی پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتیان داوە، چ لە بواری تەشکیلاتی بوبێ یان لەبواری پێراگەیشتن لە ڕوی دابینکردنی پێداویستیەکان پێشمەرگەیەك وەك جلوبەرگ و خۆراك بوبێ. بێجگە لەوەش ژنان بۆخۆشیان هەوڵیانداوەو لە بواری نیزامی و چەکداری دەرو نەخشی خۆیان هەبێ و شان بەشانی پیاوان لە خەباتدا بون، بەڵام لە بواری سیاسیدا حیزبی دیموکرات کەمتر گرنگی بە پرسی ژنان داوەو لەگەڵ ئەوەی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، کەم نەبون ئەو ژنانەی ڕاستەوخۆ هاتونەتە نێو ریزەکانی هێزی پێشمەرگە و بەشداری چالاکی خەباتی چەکداری و سیاسی بون و وەك پیاوان ئەرکی خۆیان ڕاپەراندوە. بۆیە ڕێژەی بەشداری ژنان لە نێو ڕێبەری و بەشداری لەبڕیاری سیاسیدا کە تا ئێستاشی لە گەڵدابێ، ڕێگە نەدراوە، ژنان بێنە ئاستی دەفتەری سیاسی و لە شوێنی بڕیاردان بن بە کورتی پیاوسالاری لەو ڕووەو لەنێو حیزبی دێموکراتدا بەڕونی دیار بوەو هەیە. بۆیە ژنان تەنها لەبواری ڕێکخراوەیی و تەندروستی و پەروەردەیی و بواری چەکداری و ڕاگەیاندن کاریان کردوە زیاتر چالاك بون و ئەو ڕەخنەیە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واردە، چۆن تا کۆنگرەی چواردەیەم گرنگی ئەوتۆ بەو پرسە نەدراوەو، لەو کۆنگرەدا(تبعیض مثبت)واتە ڕێژەی بۆ ژنان دیاریکردوە، بۆ ئەوەی مافیان هەبێ وبەشدار لە کۆنگرەدا وەك ڕێبەری بێنە نێو خەباتی سیاسی کە پێم وابێ ئەوە ماف نیە"(نستانی، کۆیە، 30/ 6/ 2024).

جێگای ئاماژە بۆکردنە، ئەو کەم تەرخەمیە ئەگەر یەکەم جار بگەڕێتەوە بۆ حیزبی دیموکرات و دەبێ ئەو ڕاستیەش بڵێین تەنانەت خودی ژنان لەگەڵ ئەوەی لەنێو هێزە سیاسیەکاندا پەراوێزخراو بون، لە هەمانکاتدا بۆخۆشیان کەمتەرخەمی سەرەکی بون، نەیانتوانیوە تاوەکو ئیستاش زۆر کلتورو دابونەریت تێکبشکێنن بەوەی کە دەگوترێت ژنان لە بواری سیاسی لاوازن.

هەروەها گوڵی ئیبراهیمی دەڵێ: "وەك گرنگی پێدان حیزبی دیموکرات لە زۆر لایەنەوە کەمتەرخەم بوە بەتایبەتی لە ڕوی سیاسیەوە، چونکە قەت ڕێگە بە ژنان نەدراوە بێنە ئاستی سەروتر یان هان نەدراون، بەڵام ڕێزی زۆریان لێدەگرتین، کاتێك دەورەی نیزامیم تەواوکردوە لە هێزی قەندیل سازماندەیی درام، زۆرجار عەبدول ڕەحمان قاسملو، کە دەهاتە بنکەی هێز بۆ سەردان، هەمیشە دەیگوت ئاوات و ئارەزوی من ئەوەیە لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات ڕێژەی ژنان ئەوەندە زۆربێ، سەرپەل و فەرماندە هێز لە خۆیان بێ. بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەوڵدراوە گرنگی بە ژنان بدرێ، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە بواری سیاسیدا بە کردار جێبەجێنەکراوە" (ئیبراهیمی،کۆیە، 4/7/ 2024).

هەر لەو بارەوە ماپەرە قەرگوڵی[16] دەڵێ: "حیزبی دێموکرات هەمێشە ڕێگەی بۆ هاتنە مەیدانی ژنان خۆش کردوە، لە بەرنامەو پرۆگرامی حیزبیش دا ئەو پرسە ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە کەسانی یەکەمی حیزبی وەک عەبدول ڕەحمان قاسملو(1970-1989)و(سەعید شەرەفکەندی1989-1992) لایەنگرو پشتیوانی هاتنەمەیدان و بەشداربیێکردنی ژنان بون، بەڵام ڕێژەی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردان و بەشدار ئاستی ڕێبەری لە کۆمیتەی ناوەندی یا دەفتەری سیاسی حیزب دا کەم بوە و ڕێگە نەدراوە و

هەمیشە زۆرینە هەر پیاوەکان بون. ژنان زیاتر لە سەنگەرەکان داو لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی دا چالاک بون"(قەرەگۆلی، سوید، 24/ 6/ 2024).

شایانی ئاماژە بۆکردنە بەشێك لە ژنان بۆچونیان وایە، دەبێ بزوتنەوەی کورد هەڵگری پرۆژەیەکی ڕونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، کلتوری و کۆمەڵێك پرسی گرنگی دیکەی کۆمەڵگا یەك لەوان پرسی ژنان بێ، کە بەهۆی مەسەلەی نەتەوەیی پەراوێز خراوە، هەر بەوهۆیەوشەو حیزبەکوردییەکان ڕیکخراوی ژنانیان هەیە، بەلام ئەو ڕێکخراوانە لەسەر زەرورەتی کار بۆ پرسی ژنان دانەمەزراون واتە هیچ کامیان لە کار و پرۆژەکانیان بۆ پرسی ژنان سەربەخۆ نین و هەرچەندە هەمو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەی خۆیاندا کۆمەڵێك ژنیان لە ڕەوتی خەباتدا لەگەڵ بوە و هەمویان باسی یەکسانی ژن و پیاویان کردوە، بەڵام بە کردەوە ژن لە نێو ڕیزەکانیاندا لە بڕیاریاندا بە کردەوە دەسەڵاتیان نەبوەو ڕۆڵێکی لاوەکی هەبوەو هەیە پەراوێز خراون ئەو ژنانەی گەیشتونەتە دەسەلاتیش بە چەند هۆکارێك دەسەلاتیان کز و لاواز بوەو نەیانتوانیوە گۆڕان پێك بهێنن (قادری، 2013، 27، 28).

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کەسانی یەکەمی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە گرنگی نەدان و بەرەو پێش نەبردنی ژنان بۆ ئاستی باڵا،دانیان بەو ڕاستیە ناوە، هەروەك عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەمیانەی گفتوگۆیەکدا لە گۆڤاری ژنان وتویەتی: دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەمرۆ بایەخیکی وەك خۆی بە مەسەلەی ژنان داوە، ئەگەر تەماشای بەرنامەی حیزب بکەی ماددەی تایبەت هەیە کە دەڵێ: ژن و پیاو لە نێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەك یەکیان هەیە ولە زۆر جێگای دیکەش هەر بۆ ئەوەی تاکید کرابێتەوە لەسەر مافی ژنان باس کراوە. بۆیە حیزبی دێموکرات بە هۆی هەلومەرجی خەباتی سیاسی خۆی پاشان بە دەلیلی قۆناغێکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵی کوردەواری پێدا تێدەپەڕێ، نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی ئەوەی بیروبۆچونی خۆیەتی لە بارەی ژنانەوە پیادە بکا، بەو حاڵەش پێم وایە نەك حیزبی دێموکرات، ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات ڕەخنەمان لەسەرە، ئەو ڕوحە کە حیزبی دێموکرات داوامان لێدەکا ڕوحی ئیحترام بە مافی ژنان، نەی توانیوە بەتەواوی بەسەر جۆری بیرکردنەوەی هەمو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا زاڵ بێ(حەسەن زادە، 2002، 2)

گەوهەرشێرخانی[17] دەڵێ: "دیارە لە هەمو کارێکدا بەربەست هەبوەو دەشبێت لەو ڕێگایەدا زۆر کەندو کۆسپ هەیە دەتوانن ڕێگر بن لە سەرکەوتن و پێش کەوتنی ژنان لە کارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان هەموکات ڕۆڵێکی بەرچاویان لەجەریانی شۆڕش و خەبات لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبوە. لە ڕابردودا بە دەیان ژن لە خەبات و تێکۆشان دابون و هەروەها چەندین ژنمان هەیە بوە بە قوربانی، وەك (عەزیمە عوسمانی و فاتمە دلاوەری)و چەندان ژنی تر"(شێرخانی، هەولێر، 23/ 6/ 2024).

هەرچۆنێك بێ، دەکرێ دان بەو ڕاستیەش دابنرێ، لەگەڵ ئەوەی لەمپەر لەناو هێزە سیاسیەکان و خودی کۆمەڵگاشدا هەبوە، بەڵام بەهۆی نەبونی خودی هۆشیاری ژنانیش بە گشتی لە بەرامبەر بەشداریکردن لە پرسە سیاسیەکاندا و نەبونی ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەی ژنان لەو سەردەم و تەنانەت تاوەکو ئێستاشی لە گەڵدابێ کە تەنها وەك پاشکۆیەکی هێزە سیاسیەکان بینراون ودەبینرێن گرفتی گەورەی بەردەم گەشەکردنی ژنان بون و هەن و ژنان بۆخۆشیان دانیان بەو ڕاستیە داناوە.

شایانی ئاماژە بۆکردنە، لە گەڵ ئەوەی بەربەستەکان زۆر بون و ژنان لە بڕیاردانی سیاسی نەخش و ڕۆڵی ئەوتۆیان نەبوە و ڕێگەیان پێنەدراوە لە ئاستی پلەی باڵای سیاسی وەکو ئەندامی سەرکردایەتی و دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتدا، بەڵام لە هەوڵدان و کارکردن بەشداریکردن لە بزوتنەوەکان و خەباتی سیاسی و چەکداری و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکەی پەروەردەیی و تەندروستی بەردەوام بون و بێگومان حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دوای کۆنگرەی چوارەم(1980)و لە ساڵانی دواتردا لە

کاروباری پێشمەرگەوە چەندین دەستکەوتی گەورەی هەبوە (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی 1-9، ب1، لا199).

یەکێك لەو دەستکەوتانە لەبواری چەکداری و ڕێکخستن بوە، کەیەکێك لە کۆڵەکەکانی هێزی مرۆیی و پشتیوانیکردنی خەباتی چەکداری لە کوردستان، جەماوچین و توێژو جیاوازەکان بون، بەتایبەتیش کە بەشێك لە لاوانی کوردستان لە سایەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی چونەتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەك هێزێکی مرۆیی لە بن نەهاتوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بون(محمود، 2012، 177). لێرەدا ئەوەی ڕونە یەکێك لەو چین و توێژانەی هاتونەتە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژنان و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بون و هیچ چەشنە جیاوازیەك نەبوە لە ڕوی ئەرك و بەڕێوەبردن لە ڕوی کاری چەکدارییەوە.

هەروەها بێجگە لە هەستی نەتەوەیی و کارکردن لە بواری تەشکیلاتی بە شێوەی نهێنی لە نێوخۆدا و کاریگەری ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان لەسەر هاتنی ژنان و کچان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی . ئێران، چەند هۆکارێکی دیکە پاڵنەر بوە وەك دیتنی پێشمەرگەی کوڕ و کچ لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەك، گوڵێ ئیبراهیمی دەڵێ: "پێشتر بە نهێنی وەك ئەندامی حیزبی کارم کردوە، بەڵام بە هۆی بە دیتنی خوشکە (خەدیجە معزوری) و خوشکە (سەکینە جەوانمەردی) هاتوچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد و هەروەها دیتنی پێشمەرگەکان، هەمو ئەوانە بونە هۆکارو لە ساڵی 1987 بە ئاشکرا پەیوەندیم بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە، ئەوکات بنکەی حیزب لە ئاشقوڵکە بو، دەکەوێتە قرناقەو پشت ئاشان واتە دیوی باشوری کوردستان بو. دوای دیتنی دەورەی نیزامی لەمەڵبەندەکان و هێز و لکەکان سازمان دەدراین و لە گەشتە سیاسی و نیزامیەکان بۆ ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەش دەچوینەوەو لەزۆربەی چالاکیە چەکداریەکانیش لە بەرەی بەرگری دابوین، بۆ نمونە جارێکیان لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ ناوخۆ کە لە (دوسەرو پانەسەر) لەناوچەی (سەردەشت) ساڵی 1989بو توشی شەڕێکی قورس بوین لەگەڵ دوژمن ئەوکات فەرماندە هێزەکەمان ئەحمەد نستانی بو لە کاتژمێر 6ی بەیانی تا 7ی ئێوارە لە دەرگیری دابوین و بریندارمان هەبو. دواتر ئەحمەد نستانی هاوشێوەی کوڕەکان بەمنی سپارد، پێویستە لەگەڵ(خدرقەلاتی) بریندارەکان بگوازینەوە، لەکاتی ڕۆیشتن و گواستنەوەی بریندارەکان لە کەمین کەوتین ئەوەش بوە هۆی دابرانمان لە یەکتری و وەك کچێك بە تەنیا مامەوە کە هیچ شارەزای ئەو ناوچانەش نەبوم، بۆیە بڕیارمدا بگەڕێمە ئەو شوێنەی کە یەکەمجار لەگەڵ دەوڵەت دەرگیر بوین و دواتر لەگەڵ پێشمەرگەیەك بە ناوی (خانم)یەکترمان دیتەوە و کە خەڵکی سەردەشت بو چوینە جادەی پرانشار سەردەشت لە خوار جادەکە چەندکەسێکم بینی وامزانی هێزی ڕژێمە، لەگەڵ خانم بڕیارماندا تا کۆتایی شەڕ بکەین و گولەیەکیشمان وەك (زاپاس)دانا بۆ ئەوەی کە توانای شەڕمان نەما خۆمان بکوژین و بە زیندوی نەکەوینە دەست دەوڵەت، لەکاتێك ویستم تەقە بکەم دیتم پێشمەرگە بریندارەکانن کە نزیك بەحەوت پێشمەرگە بون، یەکترمان گرتەوەو دواتر توانیمان لە ڕێگەی کۆمیتەی سەردەشت و هێزی گیارەنگ بریندارەکان بگوازینەوە"(ئیبراهیمی، کۆیە، 2024/7/4).

هەروەها هاوڕێ ئیسماعیلی[18] دەڵێ: "کاتێك ساڵی 1983پەیوەندیم بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە، لەڕێگەی دیتنی چەند پێشمەرگەیەك لە (پیرمحەمەدی بۆکان) کە یەکێك لەو پێشمەرگانە (وەستا ئەحمەد وچرچەی بارام میرزاو ئەحمەد نورە) بون، لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە کەوتم و هاتمە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوکات هەر کوڕ و کچێك تەمەنی لە خوار هەژدە ساڵان بوایە دەناردرا بۆ یەکێتی لاوان و لەوێ پەروەردە دەکرا تا تەمەنی یاسایی خۆی، بۆیە بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ مامەوە و دواتر نێردرام بۆ دەورەی نیزامی، وەك یەکەم ئەرك دەبو دەورەی نیزامیم ببینیایە بۆیە ئەو دەورەیەم تەواو کردو بە خەباتی چەکداری دەستم پێکردوە"(ئیسماعیلی، کۆیە 6/23/ 2024).

هەر لە بواری چەکدارییەوە یەکێکی دیکە لەو ژنانە خورشیدە ڕەسوڵی دەڵێ: "پەیوەندیکردنم بە حیزبی دێموکراتەوە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی وەك زوڵم وزۆرداری،چەوسانەوەی کوردەکان و کوشتنی خەلکی بێدیفاع لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە کە بەشێکیان لە نزیکانی خۆمان بون ئەوانە هەمو هۆکار بون لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە ساڵی1989هاتمە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەو حیزبی دێموکرات، دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ مانگ دەورەی نیزامیم دیت و لە گەڵ (فاتمە دلاوەر و مریەم ڕەحمانی) دراین بە مەڵبەندی(سپی سەنگ) لە لکی دو سازماندەیی دراین، کە ئەوکات مەڵبەندی سپی سەنگ سێ لکی هەبو. ئەو ژن و کچانەی بەیەکەوە کارمان کردوە، نزیك بە 21کچ بوین و سەرلکی ئێمە واتە کچەکان(عەزیمە عوسمانی) بو، وەك کچێك پێنج کلاس خوێندەواری هەبو، عەزیمە تا هاتبوە ناو ڕیزەکانی حیزب دو تا سێ جار لەلایەن دەوڵەتەوە گیرابو، کچێکی زۆر بە توانا بو. دیارە ئێمە وەك کچەکان کە بەشێکمان لە بواری چەکداری کارمانکردوە وەك بەرپرسی یەکەممان لەوکاتەدا سەید ڕەزای درودگەر بەرپرسی هێزی (سپی سەنگ) بو، ئەحمەد نستانی فەرماندەی هێزی سپی سەنگ بو و (محەمەد ڕەشە) جێگری بو"(رەسولی، کۆیە، 30/ 6/ 2024).

| ژمارە | ناوی نازناو | خەڵکی | پلەی ڕێکخستن/ لەهێزی | جۆری گیان سپاردن | ساڵی گیان سپاردن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شازنان باجەلانی | کامیاران | ئەندام / هێزی بێستون | لە سێدارەدان | 1980 |
| 2 | شەمسی فاتحی | مەریوان | پێشمەرگە/ هێزی زاگرۆس | لە سێدارەدان | 1980 |
| 3 | شاناز قوربانی زادە | مهاباد | پێشمەرگە/ هێزی پێشەوا | لە سێدارەدان | 1981 |
| 4 | مریم ئیبراهیمی | مهاباد | پێشمەرگە/ کادری دەرمانی/ هێزی پێشەوا | ڕوبەڕوبونەوە | 1981 |
| 5 | ئامینە مستەفایی | ئەورینك | ئەندام / هێزی زرێبار | تەقینەوەی مین | 1982 |
| 6 | خەدیجە عەبدوڵایی | مهاباد | پێشمەرگە/کادری دەرمانی/هێزی پێشەوا | ڕوبەڕوبونەوە | 1983 |
| 7 | فاتمە جەمشیدی | سەقز | پێشمەرگە/کادری دەرەجە 4/هێزی2ی ڕێبەندان | لە سێدارەدان/ تیرباران | 1983 |
| 8 | کەلسوم حوسێنی | سەقز | ئەندام/ هێزی 2ی ڕێبەندان | لە سێدارەدان | 1983 |
| 9 | خەدیجە ئیبراهیم پور | سەقز | پێشمەرگە/کادر، هێزی 2ی ڕێبەندان | لەسێدارەدان/تیرباران لە زیندانی ئەوین | 1984 |
| 10 | حەیات لەك | گەنمان | ئەندام/ هێزی زاگرۆس | لە سێدارەدان | 1987 |
| 11 | سوریا نگهدار(ئاسۆ) | سنە | پێشمەرگە/ هێزی زاگرۆس | تەقینەوەی نارنجۆك | 1987 |
| 12 | تەورێز ڕحمانی(چنور) | سەقز | پێشمەرگە/ هێزی زاگرۆس | ڕوبەڕوبونەوە | 1989 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 13 | ئیحترام مینبەری | سنە | ئەندام/ هێزی زاگرۆس | لە سێدارەدان | 1990 |
| 14 | سەیدسەعیدە خالیدی (لەیلا) | سنە | ئەندام/ هێزی زاگرۆس | لە سێدارەدان | 1990 |
| 15 | کاڵێ کەلوری | سنە | ئەندام/ هێزی پێشەوا | لە سێدارەدان | 1990 |
| 16 | عەزیمە عوسمانی | نەغەدە | پێشمەرگە/ هێزی قەندیل | ڕوبەڕوبونەوە | 1990 |
| 17 | فاتمە دلاوەری | دێلکە | پێشمەرگە/ هێزی ئەفشین | ڕوبەڕوبونەوە | 1990 |

هەروەك دەبینرێت، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە بواری چەکدارییەوە لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاریان کردوە هەروەك لەو بارەوەگوڵێ ئیبراهیمی و گەوهەر شێرخانی دەڵێن: (سەرەتا هاتمان بونمان بە پێشمەرگە کچمان زۆر بو لە هێزە جیاجیاکان، ئەوکات ئەوەندەی دەماناسین و بە گشتی بەیەکەوە کاری چەکداری و سیاسیمان دەکرد نزیك بە 21 کچ لە نێو ڕیزەکان دابوین. بەشێك لەو کچانە بریتی بون لە:(مریەم عەزیزی، مەلەک پیرۆتی، خورشید، مریەم ڕەحمانی، سەید سەعیدە خالیدی (لەیلا)، فەوزیە، زارا، زوبێد، ئایشە، کافیە، ئێران، عەزیمە عوسمانی، فاتمە دلاوەری، لەو کچانە چوار دانەیان گیانیان سپارد وەك: (زبیدە، عەزیمە عوسمانی و فاتمە دلاوەری و سەید سەعیدە خالیدی (لەیلا) (ئیبراهیمی، کۆیە، 7/4 /2024؛ شێرخانی، هەولێر، 23/ 6/ 2024).

جێگای خۆیەتی ئەوەش بخرێتەڕو، کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی ڕۆڵیان لە خەباتی چەکداری و سیاسی و ڕێکخستنەوە بە شێوەی جۆراو جۆر لە شێوەی سێدارە، ئەشکەنجە، لە قۆناغی بەرگری وهتد... زۆرجار لەو پێناوەدا گیانیان سپاردوە هەروەك لەو خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت[19]:

هەورەها نمونەی ئەو ژنانەی کە زانیاری ورد لەسەر چۆنیەتی گیان سپاردنیان لە کاتی ڕوبەڕونەوەکاندا لەبەردەستە (فاتمە دلاوەرو، عەزیمە عوسمانی)ن. کاتێك لە ناوچەی لاجانی پیرانشار لە ئاوایی(خورینج) پێشمەرگەکان کەوتونەتە بۆسەوە و بەم جۆرە لە گەشتێکی سیاسی . نیزامییدا لە ساڵی 1990 گیانیان سپاردوە (سەمەدی، 2009، 58). هەر لەم بارەوە خورشیدە ڕەسوڵی کە لەگەڵ ئەوگەشتە سیاسی و نیزامیە دا بوە، دەڵێ:" لە گەشتێك ساڵی 1990 بۆ نەغەدە ئەنجاماندا چەندین جار ڕوبەڕوی هێزەکانی ڕژێم بوینەوە و لە کاتی ڕۆیشتنمان بۆ شاخەکانی ماسوێ لە بۆسەیەك کەوتین و لەو هێرشەدا سەرکەوتین و هێزەکەمان (8) دیلی لە هێزەکانی ڕژێم گرت و دواتر بۆ ماوەی دو شەو و ڕۆژ لە بەردەکانی (خورینج) ماینەوە. دواتر جارێکی دیکە لە بۆسەی ڕژێم کەوتینەوە ئیدی لەو بۆسەیەدا، (عەزیمە عوسمانی)بریندار بو و هەر بە برینداری تەحویلی کۆمیتەی شارستانی لاجانمان دا و دوای دو ڕۆژ هەواڵمان بۆ هات بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی سپاردوە. هەر لەو گەشتە نیزامیەدا لەبەری مێرگان و دوای چەند ڕۆژ لە گەشتەکەمان، لە(خلە چەوەندەر) جارێکی دیکە لە بۆسەی ڕژێم کەوتینەوە هەرچەندە سەرکەوتوبوین، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنمان هێزەکانی ڕژێم بەتۆپ لەڕیزی پێشمەرگەکانی داو لەوێدا سێ پێشمەرگەمان دەستبەجێ گیانیان سپارد و حەوت پێشمەرگەمان بریندار بون، بۆخۆم و مریەم ڕەحمانی هەرچەندە بریندار بوین، کاتێك بۆ دواوە گەڕامەوە دیتم (فاتمە دلاوەر)لەگەڵ ڕەحیم سێلوەیی کە خۆشەویستی یەکتری بون پێکەوە گیانیان سپاردبو. هەرچەندە ویستمان هەرچۆنێك بێ فاتم دلاوەر ببەین و بەجێنەهێڵین، بەڵام نەمانتوانی هیچیان بۆ بکەین، بۆیە لەگەڵ (مراد جوڵا) تەنها ئەوەندەمان توانی بەگەڵای داران دایانپۆشین، هەر بەو هۆیەوە تا ئێستا نازانرێ گۆڕی فاتمە دلاوەر لە کوێیە"(ڕەسولی، کۆیە، 30/ 6/ 2024).

دەتوانین بڵێن ژنان لەڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا هاوشانی پیاوان لەچالاکیە چەکدارییەکان و ڕوبەڕوبونەوەکان لەبەرەکانی شەڕدا بەشداربون و چەندین ژنیش گیانیان سپاردوە. بێجگە لە بواری سیاسی و چەکداری، لەبواری تەندروستیش ڕۆڵی کاریگەریان

هەبوە. ئەمەش دوای ئەوەی کە حیزبی دیموکرات گرنگی زۆری داوە بە دامەزراندنی نەخۆشخانە و بواری تەندروستی و پزیشکانی نەخۆشخانەش بە پێداویستییەکی زۆر کەمی پزیشکییەوە چەندین نەشتەرگەری جۆراوجۆر و قورسیان بۆ بریندارو نەخۆشەکان ئەنجام داوە (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی 1-9، ب1، 199). هەر لەو بارەوە ماپەرە قەرگۆلی دەڵێ: "ژنان لە سەنگەرەکان دا و لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستیدا زۆر چالاک بون. منیش پێشتر لە پشوی هاوینی ساڵی 1978دا لە نەخۆشخانەی پیرانشار دەورەی دەرمانیم بینیبو، کاتێک شاری شنۆش لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بو لە نەخۆشخانەی ئەوشارە دەورەی مامانیم بینی، کە لەلایەن چەند دکتۆرێکی فەرانسی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور دانرابو. لەساڵی 1982 بۆ بەشداربون لە دەورەیەکی پەرستاری بۆ ماوەی شەش مانگ ڕومان لە وڵاتی فەرانسەکرد. دوای گەڕانەوەمان بۆ کوردستان لە نەخۆشخانەی شۆڕش کارم کردوە. لە قەندیلیش لە گەڵ هاوڕێ ئیسماعیلی لە بەشی مامانی هاوکاری یەکتری بوین"(قەرەگۆلی، سوید لە ڕێگەی واتساپ، 23/6/ 2024).

هەروەها هاورێ ئیسماعیلی دەڵێ: "کاتێك لە بواری تەندروستی کارمکردوە لە سەرەتادا ڕێگری هەبو، هەرچەندە بە بواری لێکۆڵینەوەشدا تێپەڕیبوم، بەڵام بەهۆی ئەوەی تازە هاتبومە ناو حیزب و(حیجابیش) بوم تەنانەت تۆزێك لێم بەگومان بون، دواتر لەڕێگەی دکتۆر(مراد) دوای لێکۆڵینەوەیەکی وردو پرسیارکردن لە (عەزیم ئەفسەر) کە بەرپرسی لاوان بو، نامەیەکی بۆ نوسیم و چوم بۆ نەخۆشخانە و دەستم بە کاری دەرمانی لە بەشێك کە پێیان دەگوت ئۆرژانس(تەواری) کرد. دواتر بەهۆی تۆپبارانکردنی نەخۆشخانەی حیزب لە (کانیە زەرد) لە ساڵی 1984 هاتینە (دۆڵی کانیە ڕەش)، ئەوەی لە بیرم ناچیتەوە ئەوشەوە ژنێکی دوگیانیان هێناو دوای لەدایکبونی منداڵەکەی ناچار هەر بەیانی بەڕێمانکردەوە. ئێمەی ژنانی پێشمەرگە لە بواری تەندروستی چەند ژن و کچێك بوین وەك: (ماپەرە قەرەگۆلی، نەسرین سۆفی زادە، شەهلا سۆفی زادە و داگوڵ کچی ڕحمان سور).

لە ساڵی 1984جارێکی دیکە نەخۆشخانەی حیزب تۆپباران کراو هاتینە باشوری کوردستان و دوای جێهێشتی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی فشارەکانی ڕژێم، هەرچەندە نەمانتوانی تەواوی کەلوپەلەکان بینین، بە هێنانی چەند کەلوپەلێکی کەمی بواری تەندروستی هاتینە (کارێزە) لە شاری(سلێمانی) لەوێ خوێندنگایەکی چۆڵمان ئاوەدانمان کردەوە و بەشەکانی نەخۆشخانەمان لەوێ دانان، دیارە ئەو نەخۆشخانە لەگەڵ ئەوەی ئی حیزبی دێموکرات بو، بەڵام زۆربەی جار بەنهێنی پێشمەرگەکانی باشوری کوردستانمان لێ چارەسەر دەکردن و تەنانەت زۆرجار بەعسییەکان دەهاتن پشکنینیان دەکرد، بەڵام هیچ جارێك پێشمەرگەیەکی باشوریان لەو نەخۆشخانەیە دەستنەکەوت. بۆ ماوەی (3) ساڵ لە ناوچەی کارێزەماینەوە. ساڵی 1987 نەخۆشخایەك تایبەت بە حیزبی دێموکرات لەلایەن ڕێکخراوێکی فەرەنسی بە ناوی (ئامی و میدیسۆن) دروستکرا، بۆیە لە کاریزە گواستمانەوە بۆ ئەو نەخۆشخانەیە من کەوتمە بەشی زایمان و لەوێ لەلایەن دکتۆرە فەرەنسییەکان زۆر هاوکاری دەکرام بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکەم لە بواری زایمانی. ئەمە سەرەتای کارکردنم بو لە بەشی زایمانی و لە گەڵ خەدیجە ڕۆستەمی و ماپەرە قەرگۆلی لە قەندیل بە یەکەوە لە بواری مامانی و لە دایك بون کارمانکردوە"(ئیسماعیلی، کۆیە 23/6/ 2024).

ئەوەی جێگای بایەخە لەگەڵ هەمو ئەو بارودۆخانەشدا، یەکێکی دیکە لەو بوارانەی ژنان لە نێو حیزبی دیموکراتدا نەخش و ڕۆڵی کاریگەریان هەبوە بواری پەروەدەو فێرکردن بوە، کە هاوکات لەگەڵ درێژەدان بە سیاسەتی شەڕو داگیرکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی ئێران لەساڵانی 1980-1981داو هەوڵی دورخستنەوەی ڕۆڵەکانی کورد درا لە خۆپێگەیاندن و پەروەردەکردنیان، بۆ ئەم مەبەستەش بە مەبەستی پاکسازی هەوڵی داخستنی خوێندنگاو ناوەندە پەوەردەییەکان درا. بەمەبەستی ڕێگریکردن لەم بارودۆخە نەخوازراوە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئێران لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بەشێك لە قوتابخانەکان کرانەوەو لەلایەن بەشێك لەمامۆستایانی نیو شۆڕش کە زۆربەیان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بون و

پێیان دەگوترا مامۆستایانی شۆڕش شانبەشانی ئەرکی پیشمەرگایەتی ئەرکی مامرستایان بەڕێوە دەبرد و وانەیان بە زمانی کوردی گوتۆتەوە (محمود، 2012، 153)

لەساڵی خوێندنی 1980—1981 لەناوچە ڕزگارکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێك لە قوتابخانەکان کە بە هاوکاری و تێکۆشانی لێپسراوان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات کراونەوە و هەر لەوکاتەدا داوا لە ڕوناکبیران و خوێندەواران کراوە هاوکاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی . ئێران بن لە پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا و خوێندکاران و ڕوناکبیران کە لە بەرپرسی کچ و کوڕ پێکهاتبو لەهەوڵی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا بون(بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی 1-9، ب1، ل202). لە هاوینی ساڵی 1982دا کۆڕی پەروەدەو فێرکردن لە سەرانسەری کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکان خوڵی پێگەیاندنی بۆ چین و توێژەکان دەکردەوەو بۆ ئەو کەسانەی ئارەزوی مامۆستایەتیان هەبو لە قۆتابخانەکانی شۆڕشدا(حەسەن زادە، 1995، ب1، 263). هەرلەو بارەوە گەوهەر شێرخانی دەڵێ:" حیزبی دیموکرات ئەگەرچی بەربەستی زۆری لەبەردەم بون هەمیشە گرنگی بە بواری پەروەردە داوە،گرنگترین خزمەتێک کە حیزبی دێموکراٖت بە ڕەگەزی مێ کوردی کرد گێڕانەوەی ئیرادە و باوەڕ بەخۆ بون بۆ ژنان بو"(شێرخانی، هەولێر، 6/23/ 2024). هەروەها ماپەرە قەرگۆلی دەڵێ" دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر شارەکاندا گرتەوە و بەهۆی ئەندامەتیم لەو ڕێکخراوی سازمانی جەوانانی کورد(ڕێکخراوی لاوان) من و چەند هاوڕێیەکی تر وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانە وانەمان گوتۆتەوە" (قەرگۆلی، سوید لە ڕێگەی واتساپ/ 6/23/ 2024).

هەر لەو بارەوە عیسمەت نستانی دەڵێ:"ئەرك و بەرپرسیاریەتیم لە نێو حیزبی دێموکرات لە ساڵانی هەشتاکان لە کۆمیتەی سەردەشت لە ڕێکخراوی ژنان و لاوان بوە. هەرچەندە خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی بوم، بەڵام وەك مامۆستای ڕاهێنراو وانەم بە گەورە ساڵان دەگوتەوە. ئەوکات کارو چالاکی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان بەرنامەدانان بۆ بەڕێوەبردنی بۆنە نەتەوەییەکان و ڕۆژمێرە مێژوییەکانی حیزبی دێموکرات و لەپاڵ ئەوەشدا گرتنی کۆڕ و کۆبونەوە بۆ لاوان و ژنان و کچان و دەرکردنی ڕۆژنامەی دیواری و دانانی دەورەی نیزامی و تەندروستی و پەروەردەیی بو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدان بۆ فێرکردن و خوێندەوارکردنی کچان و ژنان بو، بۆ نمونە لە گەڕەکی بلواری شاری سەردەشت لە بینای (خانەی معلمان) توانیبومان خوێندنگایەکی تایبەت بە گەورە ساڵان بکەینەوە و زیاتر ئەو کچانە دەهاتن کە پێشوتر دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەرەخسابو. هەرچەندە بە هۆی شەڕی داسەپاو بەسەر کوردستاندا کارو چالاکییەکانمان ڕۆژ بەرۆژ بەرتەسکتر بۆوە، بەڵام ئەرکە پەروەردەییەکان جێگای خۆیان گرتبو (نستانی، کۆیە، 6/30/ 2024)

لێرەدا دەکرێ بگوترێت ڕۆڵ و بەشداری ژنان لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان جگە لە هەوڵدان بۆ مافە سەرەتاییەکانیان و ئازادییە ڕەگەزی و نەتەوەییەکانیان لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشەوە ئەرك و بەرپرسیاریەتی گرنگیان لەسەر شان بوەو بەڕێوەیان بردوە. پێویستە ئەوەش بخریتەڕو، زۆرجار لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە و خودی حیزبی دیموکراتیشەوە کۆری پەروەردەو فێرکردن لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان هەبوەو گرنگی زۆریش بە خولی پێگەیاندن و پەروەردەیی دراوە.

## دەرئەنجام: لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1- دەستپێکی یەکەمین خەباتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانداو هاتنیان بۆ نێو ژیانی سیاسیی و فەرهەنگی و پەروەردەیی و بەدواداچون بۆ داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە مێژویەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕویدا، کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بو. ڕۆڵ و بەشداری ژنان لەو قۆناغەدا بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی یەکێتی ژنان خۆی بینیوەتەوە،کە زیاتر جەختکردنەوە بوە لەسەر مافەکانی

ژنان و هۆشیارکردنەوەیان لەسەر پرسەکانی خوێندەواری تا ئەوەی هەوڵدان بوبێ بۆ کاری حیزب و سیاسی لە سەر ئاستی سەرکردایەتی کردن.

2- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی ئەرکی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی وڵاتی لە ئەستۆ بوە و لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو هەوڵی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگای داوەو لە پەیرەو پرۆگرامەکانیدا باسی لە بەشداری ژنان لەپرسە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا کردوە، بەڵام لەم ڕوە ژنان لە نێو حیزبی دیموکراتدا زۆر کەم لە ئاستی بڕیاردان بینراون.

3- هەرچەندە لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات، ژن گەیشتۆتە ئاستی سەرکردایەتی، بەڵام بە هۆی ناکۆکی ناوخۆیی حیزبی و جیابونەوەیان لەکاری حیزبی دورکەوتونەتەوە،دوای ئەوکاتەش تا کۆنگرەی یازدەو چواردە ژنان لە ئاستی سەرکردایەتی نەبینراون.

4- ژنان جگە لەخەباتی سیاسی، لەبواری ڕێکخستن و حیزبیەوە بەشداربون و لەم ڕێگەیەشەوە زۆرجار بەهۆی ئاشکرابونیان و گرتن و ئەشکەنجەدانیان بەشێکیان ڕوبەڕوی مەرگ بونەتەوە و بونە قوربانی.

5- پرسی یەکسانیخوازی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتدا لەدوای پرسە سیاسی و نەتەوەیەکان هاتۆتە بەرباس و ئەم پرسەش تەنها لەچوارچێوەی گوتاردا خراوەتەڕو ماوەتەوە و ژنانیش لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بون.

6- ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا شان بە شانی پیاوان ڕۆڵ و بەشداری کارایان لە بواری چەکداری و پێشمەرگایەتیدا هەبوە و لە زۆربەی هێز و پۆلە جیاوازەکانی ژنان بونیان هەبوە و بەشێکیان لە دەستەو تاقمە هێرش بەرو بەرگرییەکانی ڕوبەڕوبونەوەشدا خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەیان کردوە، بەڵام زۆرینەی ئەرك و ڕۆڵیان لە بارەگاکانی حیزب و پاسەوانی دابوە.

7- ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دو ئەرکیان لەسەر بوە و هەوڵیان بۆ داوە، ئەرکی نەتەوەیی و هەڵاواردنی ڕەگەزی بوەو لە ژێر کاریگەری ئەو هزرەشدا بێجگە لە خەباتی چەکداری کە دەستپێکی ئەرکیان بوە، لەچەندین بواری دیکەی وەك پەروەردەو فێرکردن لە قوتابخانەکانی شۆڕش و نەخۆشخانەدا نەخش و ڕۆڵی کاریگەریان هەبوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**


بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی 1-9، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمسیونی چاپەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ساڵی چاپ 1400ی هەتاوی بەرامبەر بە 2012ی زایینی.

شەهیدانی نمری حیزب و گەل، لە بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، سەرماوەزی 1368.

جنگ در کردستان(شهریور، مهر، ابان، اذر، 1361)، ضمیمه دوهم، کمسیون انتشارات و تبلیغات مرکزی حزب دموکرات کردستان

جنگ در کردستان(مرداد، شهریور1362)، ضمیمه اول، کمسیون انتشارات و تبلیغات مرکزی حزب دموکرات کردستان ایران.

جنگ در کردستان(سەماه اول 1363)، شماره (2)، کمسیون انتشارات و تبلیغات مرکزی حزب دموکرات کردستان ایران

جنگ در کردستان(دی، بهمن، اسفند 1363)، شماره (5)، کمسیون انتشارات و تبلیغات مرکزی حزب دموکرات کردستان ایران.

بازیار، سمایل.(2020) .کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حیزبی دیمەکراتی کوردستان وەك نمونە) 1945-1991)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

بلوریان، غەنی.(1997) ئاڵەکۆك (بەسەرهاتەکانی ژیانی سیاسیم، کۆکردنەوەی : حامید گەوهەری، چاپخانەی ستۆکهۆڵم / سوید.

بورزویی، موجتەبا.(2005) بارودۆخی سیاسی کوردستان(1880- 1946)، و: نازناز محەمەد عبدالقادر، یوسف خزر چوپان و سۆان عەلیپور، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزراەتی پەروەردە، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

حەسەنزادە، عبداللە.(1995) نیو سەدە تێکۆشان (ئاورێك لە ڕابردوی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمسیونی چاپەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

حوسێن، د. هیمداد.(2008) ڕۆژنامەوانی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان 1943-1947، هەولێر.

خسروداد و ئەوانی تر، مەلیحە، تورج انصاری، محمود علی (2013) بیرەوەرییەکانی تاجلملوك(بیرەوەری هاوسەری یەکەمی ڕەزاشاە)، و: عمیران هاواری، سلێمانی: چاپ و پەخشی ڕێنما.

سەردەشتی، د. یاسین.(2011) کوردستانی ئێران(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد 1939-1979)، چاپی دوەم، سلێمانی.

شەمزینی، د. عەزیز.(2006) جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتیمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان:سلێمانی.

عەزیمی، کوبرا.(2024) مانای ژیانم (بیرەوەری ژنێك لە دەورانی کۆماری کوردستاندا، ئامادەکردنی: سیمین ئیفتخاری، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفا.

قاسملو، عەبدول ڕەحمان و عەبدوڵلا حەسەن زادە(2002)، کورتە مێژوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کومسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

قاسملو، عەبدول ڕەحمان. (1991) چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، فەسلی سێیەم (1332-1336) کۆمسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

قاسملو، نەسرین.(2014) ئەوروپایەك لە وڵاتی کورداندا بیرەوەریەکانی ژیانی نەسرین قاسملو، و: ناهید حوسێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان.

گادانی، جەلیل.(2008) 50 ساڵ خەبات(کورتە مێژویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، چاپخانەی خانی، دهۆك: دەزگای موکریانی.

گەوهەری، حامد.(2011) ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا 1978-1988، ب1، هەولێر.

گەوهەری،حامد.(2017) قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆك کۆماری کوردستان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

محمود، هۆشمەند عەلی.(2012) ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد 1979-1989)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

موجاب، شەهرەزاد.(2001) ژن و ناسیونالیزم لە کۆماری کوردستان ساڵی 1946، و: محەمەد حمەسالح توفیق، زنجیرە کتێبی ناوەندی چاوی کورد، ژمار9. (تێبینی ئەو کتێبە بەشی سێیەمی کتێبی (ژنان و گەلێکی بێ دەوڵەت، کوردەکان)ی موجاب شەهرەزادە کە بە زمانی ئینگلیزی نوسراوەو کراوە بەزمانی تورکی و بەشی سێیەمی کراوە بە زمانی کوردی.

دلریش، بشری.(1375) زن در دوره قاجار، چاپ اول، چاپ و صحافی مؤسسه انتشارات صوره، نشر، کتابخانه تخصص ادبیات.

همایون، سعید.(2006) پیشوای بیداری خاطرات سعید همایون، گرداوری، هاشم سلیمی، چاپ دوم، چاپخانه اموزش و پرورش، اربیل، موسسه چاپ و نشر ئاراس، اربیل.

حەسەنزادە. عەبدوڵا.(2002) چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدوڵا حەسەنزادە)،گۆڤاری (ژنان)، گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەریدەکات، ژمارە(2).

ستار، سنەوبەر سەردار.(2019) ڕۆڵی ژن لە خەباتی سیاسی و چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، 1979- 1988، زانکۆی گەرمیان (گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمییە و زانکۆی گەرمیان دەریدەکات، ژمارە (3)، خولی(6).

سەمەدی، سەلاح.(2009) کورتەیەك لە ژیان و بەسەرهاتی شەهید عەزیمە عوسمانی، گۆڤاری (ژنان)، گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکات، ژمارە (24).

شەریفی، شەهلا(2009) بیرەوەرییەکانی ژنانی ناو شۆڕش، گۆڤاری (ژنان)، گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکات، ژمارە (24).

شەریفی، شەهلا (2009) بیرەوەرییەکانی ژنانی ناو شۆڕش، گۆڤاری (ژنان)، گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکات، ژمارە (25)

شەریفی،شەهلا(2012) بیرەوەرییەکانی ژنانی ناو شۆڕش، گۆڤاری (ژنان)، گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکات، ژمارە (38).

فتوحی، کوێستان.(2011) بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان پێگەی کورد لە نیوەی دوەمی سەدەی 19دا،گۆڤاری (ژنان)، گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی دەریدەکات، ژمارە (30).

فتوحی، کوێستان.(2013) ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی،گۆڤاری (ژنان)، گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەریدەکات، ژمارە (38).

قادری، شوعلە (2013) ڕۆڵی ژنان لە سیاسەتدا، چاوپێکەوتن لە گۆڤاری (ژنان)، گۆڤارێکی وەرزانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیە، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەریدەکات، ژمارە(36).

محمد، قادر.(2024) ئافرەتی کورد لە تێڕوانینی گەریدە ئەوروپییەکاندا، و: ڕەوەند سەباح، گۆڤاری (خاڵ)، گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیری وەرزییە، لە بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری، ژمارە 46.

ستوده، نسرین.(1373) بیداری زنان در انقلاب مشروطه، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی پرتال جامع علوم انسانی، شماره 7،

عباسی و دیگران، سمیه و منصور ساعی.(1393) . نگاهی به موقعیت زنان در دوره پهلوی، پژوهش نامه زنان، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، شماره (1)، سال پنجم.

محەمەدی و دیگران، جمال و لطیفه پاشایی.(1400) . زنان کرد در حوزه عمومی: زمینه‌ها، مولفه‌ها، و فعالیتهای تشکیلهای اجتماعی زنانه، (مطالعه مورودی استان کردستان) مجله زن در توسعه و سیاست، دوره 19، شماره 3، تهران، دانشکده علوم خانواده.

همایون، ناصر تکمیل.(1354) برسی موقع و منزلت زن در تاریخ ایران، فرهنگ و زندگی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی پرتال جامع علوم انسانی، شماره (19).

ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە(1) (11ی ژانویە 1946).

ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە(2)، (13ی ژانویە 1946).

ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە 13، ساڵی یەکەم، (11ی فیوریە 1946).

چاوپێکەوتن لەگەڵ (عیصمت نستانی)، ڕێکەوتی (30/ 6/ 2024)، لە شاری کۆیە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (خورشیدە ڕەسولی)، ڕێکەوتی (30/ 6/ 2024)، لە شاری کۆیە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (گەوهەر شێرخانی)، ڕێکەوتی (6/23/ 2024)، لە شاری هەولێر.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (ماپەرە قەرەگولی)، ڕێکەوتی (6/23/ 2024)، لە ڕێگەی واتساپ لە وڵاتی سوید.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (هاورێ ئیسماعیلی)، ڕێکەوتی (6/23/ 2024)، لە شاری کۆیە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (گوڵێ ئیبراهیمی)، لە ڕێکەوتی(4/7/ 2024)، لە شاری کۆیە.

**پەراوێزەکان:**

[1]. ئەوەی جێگای سەرنجە هەرچەندە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی بە سەردەمی کرانەوەو گەشەکردنی بارودۆخی ژنان دادەنرێت، بەڵام تاجلملوك لە بیرەوەریەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردوە: چاکسازیەکانی ڕەزاشا ڕوکەشی بون و ژنان تێکەڵی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەدەبون. من شاژنی وڵات بوم و وەك هەمو ژنەکانی تری وڵات لە ماڵەوە بوم وبەشداری هیچ کۆڕو کۆبونەوەو بۆنەیەکمان نەکردوەو جیاوازیمان لەگەڵ ژنانی تری وڵات نەبوە، بەجۆرێك لەچوارتا پێنج بۆنەی وەك هاوسەرگیری منداڵەکانم، لادانی سەرپۆشی ژنان لە ساڵی 1938و هاتنی هاوسەری باڵیۆزخانە بیانییەکان بەشداریمکردوە (خسروداد و ئەوانی تر، 2013، 57، 58).

[2]. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژنانی کورد بڕوانە:(محمد، قادر.(2024)- ئافرەتی کورد لە تێڕوانینی گەریدە ئەوروپییەکاندا، و: ڕەوەند سەباح، گۆڤاری (خاڵ)، گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیری وەرزییە، لە بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری، ژمارە 46.

[3]. کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەمانگی ئابی ساڵی 1942 دوای ئەوەی نوێنەرانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشوری کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبونەوە و یازدە نوێنەری هەردولا بەشداربون، لەو کۆبونەوەیە یەکێك لە ئەرکەکانیان دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) بو، عبدالرەحمان زەبیحیش بە سکرتێری کۆمەڵە دیاریکرا (شەمزینی، 2006، 317).

[4]. غەنی بلوریان دەڵێ: هێشتا نەمزانی کێ دەقی شانۆیەکەی نوسیبو،تەنانەت مەناف کەریمی، کە یەکێك بو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دەیگوت هێشتا نازانم نوسەری ئەو شانۆیە کێیە؟ ئەوەی دەگوترێت ئەو شانۆیە لە بیرۆکەی پێنج کۆپلە شیعری شاعیری بە ناوبانگی کورد عبدول ڕەحمان شەرەفکەندی ناسراو بەهەژار سەرچاوەی وەرگرتبو (بلوریان،1997، 35).

[5]. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوی بەشداربوان و ڕۆڵیان لە شانۆی دایکی نیشتیمان بڕوانە: همایون، سعید.(2006). پیشوای بیداری خاطرات سعید همایون، گرداوری، هاشم سلیمی، چاپ دوم، چاپخانە اموزش و پرورش، اربیل، مۆسسە چاپ و نشرئاراس، اربیل.

[6]. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان بڕوانە:(سەردەشتی، د. یاسین.(2011). کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد 1939-1979)، چاپی دوەم، سلێمانی.

[7]. کوبرا عەزیمی یەکێك لەو ژنە چالاکانە بوە، وەك مامۆستا لە خوێندنگای پەروانەی کچان مامۆستا بووە وەك ئەندام لە یەکێتی یایانی کوردستان کاری کردوە، لە هەمانکاتدا لە کۆڕوکۆبونەکانی تایبەت بە کۆماری کوردستان بەشداربووە تەنانەت ئاڵای کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەدەستی ناوبراو گوڵدۆزی کراوە، هەر لەو ڕۆژەشدا لەگەڵ دو مامۆستای دیکەی ژن بە ناوەکانی خەجیج خانمی مەجیدی و وێڵمی سەیدیان هەڵبژێردراون و وتاریان هەبوە. هەروەها لە ڕۆژنامەی کوردستان چەندین وتارو بابەتی نوسیوە، ناوبراو ساڵی 2020 لەسوید/ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بیرەوەریەکانی(عەزیمی، کوبرا.(2024) . مانای ژیانم (بیرەوەری ژنێك لە دەورانی کۆماری کوردستاندا، ئامادەکردنی: سیمین ئیفتخاری، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفا.

[8]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(گفتوگۆی جنابی قازی محەمەد، ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارەکانی(1و 2)، (11ی ژانویە 1946) و (13ی ژانویە 1946) لاپەڕەکانی (1، 4، 6).

[9]. هێلین ناسراو بەنەسرین قاسملو لە ساڵی 1930 لە پراگ پایتەختی چیکۆسلۆڤاکی لەدایکبوە و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دایك و باوکی لێکجیابونەوە. ناوبراو لەتەمەنی 17 ساڵی عەبدول ڕەحمان قاسملوی لە پراگ ناسیوەو دواتر لە تەمەنی 18 ساڵی و لەساڵی 1952 ژیانی هاوژینی لەگەڵ عەبدول ڕەحمان قاسملو پێکهیناوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی بڕوانە: (قاسملو، نەسرین.(2014). ئەوروپایەك لە وڵاتی کورداندا، بیرەوەریەکانی ژیانی نەسرین قاسملو، و: ناهید حوسێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان.

[10]. عیسمەت نستانی لەساڵی 1964 لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگوندی نەستان لە بنەماڵەیەکی وەرزێر چاوی بەدنیاهەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی تا وەرگرتنی دیپلۆم لە بەشی ئابوری کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواو کردوە. ساڵی 2009 لە بەشی یاسا لە زانکۆی کۆیە بەکالریوسی وەرگرتوە. ناوبراو ساڵی 1979 پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرتوەو، زیاتر لە 10 ساڵ وەك بەڕێوەبەر و مامۆستای قوتابخانەی شۆڕش بوەو لە کۆنفرانسی سێیەمدا وەك بەرپرسی یەکیتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوەو بەرپرس و دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ژنان بوەو چەندین بابەت و بڵاوکراوەی لەسەر پرسی ژنان هەیە. ئێستاش لە شاری کۆیە دەژی.

[11]. خەدیجە لاهیجانی لە ساڵی 1961 لە گوندی زێدانی ناوچەی پیرانشار لەدایکبوە، هاوسەری شەهید لوقمان میهفەرە و خاوەنی شەش منداڵە پێنج کچ و یەك کوڕ تاوەکو ئیستاش لە شاری کۆیە لە نێو کەمپی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەژیت (شەریفی، 1388، 59).

[12]. خورشید ڕەسولی لە ساڵی 1969لە گوندی قەرەقەسەل سەر بە شاری نەغەدە لەدایکبوە و بنەماڵەکەی بنەمالەیەکی ئاینی و جوتیار بون وساڵی 1986 بوە بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تا ئیستاش لە نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە دەژی و پێشمەرگەیە.

[13]. گوڵێ ئیبراهیمی و لە ساڵی 1969 لە گوندی پردانان سەر بە شاری پیرانشار لەدایکبوەو. و بنەماڵەکەی ئاژەڵدارو وەرزێر بون، ناوبراو لە ساڵی 1987 پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە و لە بواری چەکداری کاری کردوەو تا ئێستاش لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندایەو لە شاری کۆیە دەژی.

[14]. ئەوەی لە سەرچاوەکان وەك زانیاری دەست دەکەوێت، دوای ئەوەی دوبەرەکی و ناکۆکی دەکەوێتە نێو ڕیزەکانی پێرەوانی کۆنگرەی چوار ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی وازیانهێناوە و فەوزیە قازی بەهەمان شێوە لەدوای ئەوکاتەوە وازی لە خەباتی سیاسی هێناوەو لە شاری مهاباد لە ماڵی خۆی دانیشتوە (محمود، 2012، 223).

[15]. ماوەیەك دوای کۆنگرە بەهۆی سیاسەتی حیزبی تودە حەوت کەس لە حیزبی دێموکرات جیابونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، کە بە تاقمی حەوت کەسی ناوبانگیان دەرکردوەو دواتر چونە نێو ڕیزەکانی حیزبی تودەو دواتریش هەڵوەشانەوەی خۆیان ڕاگەیاندوە، (فەزیە قازیش یەکێك لە ئەندامانی ئەو حەوت کەسە بوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆنگرەی 1-9، بەرگی یەکەم، 2012، 94).

[16]. ماپەرە قەرەگۆلی ساڵی 1962 لە پیرانشار لەدایکبوە. تا قۆناغی ئامادەیی دەرسی خوێندوە. لە تەمەنی شازدە ساڵی وەک زۆر لاوی ئەو سەردەم لە ساڵی 1979 لە ڕێگەی سازمانی جەوانانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێکەڵی سیاسەت بوە و هەر لەو ڕێگەیەشەوە پەیوەندیم بە حیزبی دیموکرات کردوە. ئیستاش لە سوید شاری ستۆکهۆڵم دەژیت.

[17]. گەوهەر شێخانی خەڵکی ماسوییە، سەر بە شاری نەغەدە و لە ساڵی 1973 لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی و نیشتمان پەروەر لەدایکبوە، تا پۆلی 5ی سەرەتایی خوێندوە، ساڵی 1987 پەیوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کردوە لە بواری چەکداری و سیاسی دەستی بە کار کردوە، و پاشان لە ئەمنییەتی حیزب بۆ ماوەی بیست ساڵ کاریکردوە، ئێستاش لە نەخۆشخانەی جێژنیکان کار دەکاو لە ناو کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەژیت.

[18]. هاوڕێ ئیسماعیلی لە ساڵی 1966 لە شاری بۆکان لە بنەماڵەیەکی ئاینی لەدایکبوە. لە ساڵی 1983 پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە و تا ئێستاش پێشمەرگەیە و لە نەخۆشخانەی لەنێو کەمپەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە لە کاری دەرمانی و مامانی بەردەوامە و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مۆلەتی مامانی پێدراوە.

[19]. ئەم خشتەیە لە ئارشیفی و بڵاوکراوەکانی دەزگای شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەرگیراوە؛ شەهیدانی نمری حیزب و گەل، لە بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، سەرماوەزی 1368؛ جنگ در کردستان (سەماه اول 1363)، شماره (2)؛ جنگ در کردستان (شهریور، مهر، ابان، اذر، 1361)، ضمیمه دوهم؛ جنگ در کردستان (مرداد، شهریور1362)، ضمیمه اول؛ جنگ در کردستان (دی، بهمن، اسفند 1363)، شماره(5)، کمسیون انتشارات و تبلیغات مرکزی حزب دموکرات کردستان ایران.